# وەڵامی نووسینگەی ڕێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان بۆ راپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا سەبارەت بە رەوشی مافەکانی مرۆڤ لە جیهان بۆ ساڵی 2018

<u>نووسینگەی ڕێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان</u>

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

## ناوەڕۆک:

پێشەکی ........................................................................................................ 3
ڕەوشی ژیانی کەمایەتییە ئاینی، مەزهەبی و ئیتنییەکان لە هەرێم ................................... ٤
ڕەوشی ژیانی ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان........................................ 7
بازرگانی بە مرۆڤەوە.......................................................................................... 8
هاوکارییەکانی حکومەتی هەرێم بۆ ئاوارە و پەنابەران ................................................. 10
ڕەوشی ئێزیدییەکان بە گشتی و ئەو ئافرەتە ئێزیدیانەی لە دەست داعش رزگار کراون.................... 14
بە جینۆساید ناساندنی کەیسی کۆمەڵکوژی ئێزیدییەکان ...................................... ١٦
ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی و هێرشکردنە سەر پارێزگای هەولێر............................. ١٧
دەستگیرکردنی ئەو مێردمنداڵانەی پەیوەندییان بە داعشەوە هەبووە.............................. 17
ڕێوشوێنەکانی دەستگیرکردنی ئەو کەسانەی بە تۆمەتی تیرۆر تێوەگلاون............................ 20
هێشتنەوەی ڕاگیراوان بۆ ماوەیەکی درێژخایەن........................................................ 21
ڕێو شوێن و ڕێکارە یاساییەکانی تایبەت بە دەستگیرکراوان.......................................... ٢4
ئەشکەنجەدان و بوونی گرتووخانەی نهێنی.................................................................. 25
ئازادی ڕادەربڕین و میدیا و خۆپیشاندان ................................................................ ٢6
دامودەزگا ئەمنییەکان و بە دامەزراوەکردنیان.............................................................. 30
ئەو ڕێوشوێنانەی لە بازگەکان دەگیرێنە بەر................................................................ 32
بارودۆخی ڕاگیراوانی داعش لە گرتووخانەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان........................ ٣4
پێکهێنانی لیژنەی باڵای هەماهەنگی بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی دژایەتی گەندەڵی....................... 35

## پێشەکی:

ڕۆژی ٢٠١٩/٣/١٣ وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی سەبارەت بە ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ لە جیهان بڵاو کردەوە. ئەم راپۆرتە بەشێکی تەرخانکراوە بە عێراق و هەرێمی کوردستان و چەند پرسێکی وەکو پێشێلکردنی ئازادی رادەربڕین و کاری ڕۆژنامەگەری، رەوشی چاکسازییەکان و ئەشکەنجەدان، رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، رەوشی کەمە نەتەوەیی و ئایینییەکان لە هەرێم، بازرگانی کردن بە مرۆڤ، مافی کرێکاران، دەستگیرکردنی هەرەمەکی، کوشتنی نایاسایی یاخود کوشتن بە هۆکاری سیاسی، دۆخی ئاوارە و پەنابەران، ئازادی هاتووچۆ، کەیسی نیاز عەزیز، بوونی زیندانی نهێنی، گیراوانی داعش، مادەی 140ی دەستووری عێراق، دامودەزگا ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان، ئێزیدییە رفێندراوەکان و چەندین بابەتی دیکەی پەیوەست بە رەوشەکانی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان خراونەتە روو.

پاش پەیوەندیکردن بە تۆڕی زانیاری ئۆفیسی رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان راپۆرتە وەڵامێکمان ئامادە کردووە بۆ ئەوەی روونکردنەوەی زیاتر دەربارەی ئەو پرسانە بدەین کە لە راپۆرتەکەدا باسیان لەسەر کراوە. ئەوەی جێگای تێبینییە ئەوەیە ئەم راپۆرتە لە زۆر رووەوە مایەی سەرنج و تێبینییە، چوونکە بەشێوەیەکی گشتی ئەو زانیاری و رووداوانەی لە راپۆرتەکەدا ئاماژەیان پێکراوە ورد نین و پشت بە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون نەبەستراوە بەڵکو پشت بە چەند سەرچاوەیەکی دیکە بەستراوە کە سەرچاوەکان بەڕاستی جێگای پرسیارن. لە لایەکی دیکەوە، لە رەخنەوە تێبینییەکانی لە حکومەتی هەرێم هیچ جیاوازییەکی نەکردووە لە بەرانبەر حکومەتی ناوەند لە بەغدا، هەروەها بەشێک لەو کەیسانەی کە ئاماژەی پێکراوە سەبارەت بە هەرێمی کوردستان بەسەر چوون و کەیسەکان یەکلابوونەتەوە و کۆتاییان پێهاتووە.

بەشێکی زۆر لەو رەخنانەی کە ئاراستەی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم کراوە بەتایبەتی دەزگا ئەمنییەکان ئەو رەخنانەن کە لە راگەیاندنەکانی ئۆپۆزسیۆن رۆژانە باسیان لەسەر دەکرێت و لە ماوەی رابردوودا لەلایەن رێکخراوەکانی (هیومان رایتس ووۆچ)، (یۆنامی)، (ئەمنستی ئینتەرناشناڵ)..هتد باسیان لەسەر کراوە. ئەمە لە کاتێکدایە زۆرینەی ئەو رەخنە و تێبینیانە لەکات و ساتی خۆیدا لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە وەڵام دراونەتەوە.

## ڕەوشی ژیانی کەمایەتییە ئاینی، مەزهەبی و ئیتنییەکان لە هەرێم:

ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان بە روونی مافی پێکهاتەکانی تێدا پارێزراوە لە ڕەشنووسی دەستووری هەرێمدا مافی پێکهاتەکان بە روونی ڕەنگی داوەتەوە وەک لە ماددەی (٦)ی ڕەشنوسی دەستوری هەرێمی کوردستان هاتووە، گەلی هەرێمی کوردستان پێکهاتووە لە کورد، تورکمان، عەرەب، کلدان، سریان، ئاشوری، ئەرمەن و هاوڵاتیانی دیکەی هەرێمی کوردستان، واتە پەیڕەوانی ئایینەکانی دیکە، وەک کەمایەتی سەیر نەکراون، بەڵکو بە پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردستانی دانراون، هەروەها لە ماددەی (٧)ی ڕەشنووسەکەدا هاتووە: ئەم دەستوورە دووپات دەکاتەوە کە ئیسلام ناسنامەی راستەقینەی زۆرینەی گەلی کوردستانە و پرەنسیپەکانی شەریعەتی ئیسلام یەکێکن لە سەرچاوە سەرەکییەکانی بڕیاردان، هەروەها مافی ئایینی کریستیان و ئێزیدییەکان و ئەوانی تر زامن دەکات لە ئازادی بیروباوەڕ و ئەنجامدانی چالاکییە ئایینییەکان.

لەلایەکی دیکەوە لە ماددەی (١٢٤)ی ڕەشنووسەکەدا هاتووە کە ناکرێ ئەحکامی ئایینێکی دیاریکراو بەسەر پەیڕەوانی ئایینێکی دیکەدا بسەپێنرێت (بڕگەی یەکەم) لە بڕگەی دووەمیشدا دەڵێ: پەیڕەوانی ئایینەکانی دیکەی نا موسڵمان وەک کریستیان و ئێزیدی بۆیان هەیە ئەنجومەنی رۆحانی تایبەت بە خۆیان دابمەزرێنن و پەیڕەوی حوکمی تایبەت بە خۆیان بکەن لە بابەتی باری کەسی کە ئەمەش بە یاسایەک دیاری دەکرێت و دادگای باری کەسی و لەلایەن دادگای باری کەسی سەیر دەکرێت. لە بڕگەی سێیەمی ماددەکەشدا هاتووە : تا ئەو کاتەی یاسایەکی باری کەسی تایبەت بەو پێکهاتە ئاینیانە دەردەچێت، کار بە یاسا کارپێکراوەکانی باری کەسی لە هەرێم دەکرێت.

بە هەمان شێوە لە ماددەی (20) بڕگە(2)ی ئەم ڕەشنوسەدا هاتووە کە" هەموو چەشنە جیاکاریەکی لە بناغەی نەژاد، ڕەنگە، ڕەگەز، زمان، پێگەی کۆمەڵایەتی وڵاتنامە، بنەچە، ئایین، بیروباوەڕ، هزر، تەمەن، باری ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، یان کەم ئەندامی قەدەغە کردووە". حکومەتی هەرێمی کوردستان بەبێ جیاوازی هەموو دەرگاکانی هەرێمی واڵا کردووە و تائێستا بەدەیان هەزار خێزانی مەسیحی، ئێزدی، تورکمان و عەرەب لەناوچەکانی باشوور و ناوەراستی عێراق بۆ پاراستنی گیانی خۆیان رویان لە شارەکانی هەرێمی کوردستان کردووە و حکومەتی هەرێمیش بەپێی توانا هەموو ئاسانکاریەکی بۆ ئەنجامداون و ئێستاش وەکو هەموو هاوڵاتیەکی دیکەی کوردستان ژیانی ڕۆژانەی خۆیان بەبێ هیچ فشارێك دەبەنەسەر.

ماوەیەکە چەند دەزگایەکی راگەیاندن و کەسایەتییەک بە ناوی کریستیانەکان لێدوان و بەیاننامەی جیاجیا دەردەکەن گوایە کریستیانەکان لە کوردستان ڕووبەڕووی جیاوازی دەبنەوە و مافەکانیان پێشێل دەکرێت، بەڵام ئەمە بە تەواوی دوورە لە ڕاستییەوە و حکومەتی هەرێمی کوردستان مامەڵەیەکی یەکسان لەگەڵ پێکهاتەکان دەکات لە گشت بوارەکاندا و وەکو پێویست هاوکاری کردوون وەک بوارەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا، تەندروستی. هەروەها، کوردستان هەمیشە شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێ بوونی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان و نموونەی پێکەوەژیانی نێوان ئەم پێکهاتانە بووە. حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی جددی داوە بۆ پاراستنی

گشت پێکهاتەکانی کوردستان بەبێ جیاوازی لەسەر بنەمای ئایین یان نەتەوە یان رەگەز، سەبارەت بە دەنگۆی پێشێلکردنی مافی پێکهاتەکان حکومەتی هەرێمی کوردستان بە شانازییەوە پێشوازی لە نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارەی دەشتی موسڵ کە بەشی هەرەزۆریان لە پێکهاتەی ئێزیدی و کریستیان بوون و سەرەڕای نالەباری دۆخی ئابووری و دارایی بەپێی توانا گشت پێداویستییەکانی بۆ دابین کردن، چونکە پاراستنی پێکهاتەکان لە کارە بنەڕەتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە.

سەبارەت بە بەشداری سیاسی لە ساڵی 1992 و دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان، ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان-پەرلەمان- دامەزرا کە لە (١٠٠) کورسی سەرەکی و پێنج کورسی (کۆتا) بۆ کریستیانەکان پێکهاتبوو، بەڵام دواتر لە سالێ 2005 ژمارەی کورسییەکانی کۆتا زیاد کرا بۆ (١١) کورسی کە پێنجیان بۆ تورکمان و پێنجیان بۆ کلدان و ئاشووری و یەک کورسیش بۆ پێکهاتەی ئەرمەن تەرخان کراون، ئێستا ئەم پێکهاتانە بەپێی ئەم دابەشبوونە کورسیان لە پەرلەمانی کوردستان هەیە.

لەلایەکی دیکەوە حکومەتی هەرێم هەوڵی جددی داوە بۆ نەهێشتنی هیچ جۆرە رەگەز پەرستییەک لە نێوان پێکهاتەکانی کوردستان و بۆ رێزگرتن لە پەیڕەوانی ئایینەکانی دیکە لە ساڵی ٢٠٠٧ بە بڕیاری ژمارە (١١)ی پەرلەمانی کوردستان ناوی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی گۆڕا بۆ وەزارەتی ئەقاف و کاروباری ئایینی ئەمەش بە هۆی بوونی پێرەوانی ئایینەکانی دیکە لە کوردستان جگە لە موسڵمانان و ئاماژەیەکی روونە بۆ ئەوەی وەزارەتی ئەوقاف تەنیا تایبەت نییە بە ئایینی زۆرینەی خەڵکی کوردستان، بەڵکو پێکهاتە ئایینی و مەزهەبی و نەتەوەییەکانی دیکەشی لەبەرچاو گرتووە. پێشتر لە وەزارەت تەنیا لە سێ بەش پێکهاتبوو کە موسڵمان، کریستیان و ئێزیدی کە بەڕێوەبەرایەتی گشتییان هەبوو، بەڵام ئێستا (٨) ئایین و ئایینزا نوێنەرایەتییان هەیە لە وەزارەتی ئەوقاف و بە پاڵپشتی و هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەبێ جیاوازی ئەرکەکانیان جێبەجێ دەکەن و پێڕەوانی ئەم ئایینانە بە ئازادی سرووتە ئایینییەکان لە پەرستگاکانی تایبەت بە خۆیان ئەنجام دەدەن و لایەنە پەیوەندیدارەکان پارێزگارییان دەکەن.

بۆ پاراستنی پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان و زامن کردنی مافەکانیان لە گشت رووپەکەوە پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٥ یاسای پاراستنی پێکهاتەکانی پەسەند کرد کە بە یاسای ژماری (٥) ناسراوە و تێیدا مافی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی (تورکمان، کلدوئاشوری، سریانی و ئەرمەن) و پێکهاتە ئایینییەکانی وەک (کریستیان، ئێزیدی، سابیئەی مەندائی، کاکەیی و زەردەشتی)ییەکانی تێدا پارێزراوە، ئەم یاسایە کە گشت ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان دەنگیان بۆ دا داوای نەهێشتنی هەموو جۆرە بانگەوازێکی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ دەکات کە لەلایەن کەسێک یان کۆمەڵە کەسێکەوە دەدرێت و هانی رق و توندوتیژی و پەراوێزخستن دەدات لەسەر بنەمای نەتەوە، ئیتنیک، ئایین و زمان، هەروها بە یەکێک لە دەستکەوتە گرنگەکانی هەرێم دادەنرێت بۆ پاراستنی پێکهاتەکان لە هەرێم . لەلایەکی دیکەوە لە رێکەوتی 2017/7/9 وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی بە بڕیاری

وەزاری ژمارە (1910) بڕیاریدا بە دامەزراندنی (بەڕێوەبەرایەتی پێکەوەژیانی ئایینەکان) کە ئەرکی سەرەکیی پاراستن و پتەوکردنی گیانی پێکەوەژیانی نێوانە پێکهاتە ئایینییەکانی هەرێمی کوردستانە.

ئەوەی شایەنی باسە ئەوەیە پێکهاتە ئاینییەکانی کوردستان بە ئازادی یادی جەژن و بۆنەکانیان دەکەن و یادەکانیان بە جەژنی رسمی و پشوو دادەنرێت لە هەرێم وەک جەژنی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح و جەژنی چوارشەممەی سووری ئێزیدییەکان و چەندین جەژن و بۆنەی دیکە، هەروها بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری بۆ تورکمان و سریانی لە وەزارەتی رۆشنبیری هەیە بارەگای ئەم دوو بەڕێوەبەرایەتیە گشتییە لە هەولێرە و بەڕێوەبەرایەتی سریانی لە دهۆك هەیە، هەروەها بە دەیان قوتابخانە هەیە خوێندن تێیدا بە زمانی سریانییە بەتایبەتی لەو شوێنانەی کە کریستیانی زۆرە وەك (هەولێر/ عەنکاوە، شەقڵاوە، کۆیە، دیانا، هاودیان و هەرمۆتە لەکۆیە هەروەها لە ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم وەك حەمدانییە، بەرتلە، تلکێف، قەرەقۆش، کرملیس، ئەلقۆش، لەلایەکی دیکەوە دەستەیەکی تایبەت لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی دهۆك سەرپەرشتی خوێندنی ئایینی ئێزیدی دەکات کە زۆربەیان لە سنووری شاری دهۆك و زیاتریش لە شاری موسڵە.

سەبارەت بە بە لایەنی کەلتوور یش ئەوان حکومەتی هەرێمی پاڵپشتی دارایی ژمارەیەک ناوەندی ڕۆشنبیری، تیپی هونەری تورکمانی، کلدانی، ئاشووری، ئێزیدی، لە لایەن وەزارەتەوە کراوە، لە ڕێگای هاریکاری کردنیان و گرنگیدان بە دابونەریت و کەلەپووری دێرینیان وەک دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی مۆزەخانەی سریانی و چاپکردنی سەدان کتێب بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی، سریانی، تورکمانی.

**بەڕێوەبەری کاروباری ئێزیدییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف (لایەنی پەیوەندیدار):** لە شنگال پاش هاتنی حەشدی شەعبی و هەروەها بوونی پەکەکە و دروستبوونی شەڕ و پێکدادان لەو ناوچەیەم نزیکەی ٨٠٠ خێزان گەڕاونەتەوە کەمپەکانی دهۆک. ئەوەی شایەنی باسە ئەوەیە کەمپەکان لەلایەن پۆلیس و ئاسایش پاریزراون و تا ئیستا هیچ مەترسیەک لەسەر ژیانی ئاوارەکان نییە. سەبارەت بە شێوازی مامەڵە کردنی هێزەکانی پێشمەرگە پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگە هیچ مامەڵەی خراپ لەگەڵ کەمایەتییە ئایینییەکان نەکراوە و بە یچ شێوەیەک ماڵ وخانووی کەس نەرووخێندراوە و تاڵان نەکراوە. هەروەها داوا لە ئێزیدییەکان نە کراوە کە وەکو کورد خۆیان بناسێنن، هەروەها هیچکات ناچار نەکراون بە زۆر پشتگیری لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن.

**دەزگای داواکاری گشتی (لایەنی پەیوەندیدار):** رەوشی ئەمنی و ئاسایشی ئەو کەمایەتییە ئاینیانەی کەلەهەرێمی کوردستانن بە تەواوی پارێزراوە و تا ئێستا هیچ کەس و لایەنێک نەهاتووە داوایەکی لەم شێوەیە بکات لەسەرۆکایەتیەکەمان لەوەی کە بە خراپی مامەڵەیان لەگەڵدا کرابێت، سەرۆکایەتی داواکاری گشتی بۆیە ئەم کەمە نەتەوەییانە بەشێوەیەکی باش پارێزراون لە ژێر دەسەڵاتی حوکمڕانی هەرێم.

## رەوشی ژیانی ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان:

ژمارەیەکی زۆر ئاوارە و پەنابەر هەن کە بەهۆی شەڕ و نا ئەمنیەکانی عێراق و سووریا روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە. لەگەڵ دەستپێکی شەڕ و ئاڵۆزییەکانی سوریا، هاتنی ئاوارەکانی رۆژئاوای کوردستان بۆ هەرێمی کوردستان دەستی پێکرد، دواتر لەگەڵ دەستپێکردنی گرتنی موسڵ لەلایەن داعشەوە و هەروەها ناوچەکانی دیکەی عێراق، ژمارەیەکی زۆر ئاوارەی عێراقی روویان لە هەرێمی کوردستان کرد. مامەڵەکردنی دادگاکانی هەرێم لەگەڵ کەمایەتییە ئاینییەکان بەم شێوەیە:

**<u>ئەنجوومەنی دادوەری (لایەنی پەیوەندیدار):</u>** سەبارەت بە مامەڵەکردنی دادگاکانی هەرێم لەگەڵ ئاوارە و پەنابەران، ئەو پەنابەرانەی کە خەڵکی عێراق نین و خەڵکی سوریان بەتایبەت کوردە ئاوارەکانی رۆژئاوای کوردستان، هەروەها کەمایەتیە ئاینییەکان مامەڵەیەکی زۆر باش و گونجاوە. ئەگەر کارێکیان بکەوێتە دادگاکانی هەرێم (بەتایبەت مەسەلەی مارەبڕین یان جیابوونەوە و بابەتەکانی تایبەت بە یاسای باری کەسێتی)، نووسراویان بۆ ئاسایشی گشتی هەرێم دەکرێت، ئەویش بە لەبەرچاو گرتنی ئەو ناسنامە و بەڵگەنامانەی کە هەیانە و ئاسایش بەپێی بەڵگەنامەکان لاری نەبوونی خۆی بە نووسراوێك بۆ ئەو پەنابەرە دیار دەکات. دواتر دەبێت ئاوارەی رۆژئاوای کوردستان سەردانی دادنووس بکات و لەوێ بەڵێننامەیەك پڕ دەکاتەوە کە بۆ نموونە مارەبڕین دەکات یان بۆ جیابوونەوەیە یانیش بۆ پرسەکانی تایبەت بە کۆچکردن و دەرهێنانی بەیاننامەی کۆچکردن یان هەر پرسێکی تایبەت بە یاسای باری کەسێتیە کە لێرەدا بە پێی یاسای عێراقی لەگەڵیان مامەڵە دەکرێت و هەندێ جار لە کاتی نەبوونی ناسنامە یان بەڵگەنامەی پێویست دوو شایەد دێنن و مامەڵەکانیان رایی دەکەن.

بۆ ئاسانکاری زیاتری ئەو پەنابەرو ئاوارانەش، ئێستا دادگایەکی تێهەڵچوونەوە (استئناف) لەناوچەی شێخان کراوەتەوە کە تایبەتە بۆ بەدواداچوون بۆ کێشەی ئەو ئاوارانەی کە خەڵکی پارێزگای نەینەوا و شاری موسڵ و دەوروبەرین. واتا ئەگەر خەڵکی موسڵ کێشەیەکی مەدەنی یان تایبەتی نێو سنووری پارێزگای نەینەوایان هەبێت ئەوە سەردانی ئەو دادگایە دەکەن. ئەگەر ئاوارەیەك لە سنوری دادگای تێهەڵچوونەوەی هەولێر یان سلێمانی یان دهۆك تووشی تاوانێك یان رووداوێك هات، ئەوە ئەگەر سکاڵا تۆمار کرا، هەر لە سنوری ئەو دادگایە، پرۆسەی دادبینی بۆی بەڕێوە دەچێت، بە پێی یاسا بەرکارەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەگەر لە ناوچەیەکی دیکەی عێراق تووشی رووداوێك یان تاوانێك بوون، ئەوە لێرە بەپێی ئەوەی کە ئایا ناوبراو سکاڵای تۆمار کردووە یانیش تاوانبارە، مامەڵەی لەگەڵ دا دەکرێت و ئەگەر تاوانبار بێت دەستگیر دەکرێت و بە پێی دەسەڵاتی شوێنی(اختصاص مکانی) مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. بە هەمان شێوە سەبارەت بەو ئاوارانەی کە خەڵکی عێراق نین، بە تایبەت ئاوارەکانی رۆژئاوای کوردستان، بەپێی یاسا بەرکارەکانی عێراق و هەرێم مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت و ئەویش بە هەماهەنگی لەگەڵ ئاسایشی گشتی و دادنوسەکانی هەرێمی کوردستان.

**وەزارەتی داد (لایەنی پەیوەندیدار):** بە شێوەیەکی گشتی چەمکی دادپەروەری لە هەر گۆشە و نیگایەك لە ژینگەی یاسایی فەراهەم دەبێت بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا و بە شێوەیەکی یەکسان لەبەردەم دادگا مافیان دەبێت. لە هەرێمی کوردستان هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە لەبەردەم دادگا پارێزگاری لە خۆی بکات، هەروەها لە کاتی دەست بەسەر کردنیان پێویستە راستەوخۆ تۆمەتەکەیان ئاراستە بکرێت کە بە هۆیەوە دەست بەسەر کراوە، هەروەها دەتوانێت پارێزەر بۆخۆی دابین بکات. ئەگەر نەیتوانی پارێزەر بۆخۆی دابین بکات ئەوا دادگا پارێزەرێکی بۆ دابین دەکات و تێچووەکەشی دەکەوێتە ئەستۆی دەوڵەت. ئەمە رێکارێکی یاسایی دادگەرییە و ستەمکار و ستەم لێکراو بە مافی شیاوی خۆیان دەگەن بە شێوەیەك ستەم کار سزا دەدرێت و ستەم لێ کراو مافە زەوتکراوەکانی بۆ دەگەرێندرێتەوە.

هەر کاتێکیش کەسێك مافی زەوت بکرێت یان ستەمی لێبکرێت، مافی ئەوەی هەیە داوا تۆمار بکات و داوایەك بە نوسراو ئاراستەی دادگای تایبەتمەند بکات، لە بەردەم دادگا کێشەکەی یەك لایی دەکرێتەوە، جا دانیشتووی هەرێمی کوردستان بن یاخود ئەو ئاوارانە بن کە روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە. بەشێوەیەکی گشتی ئەو مافە یاساییانەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان هەیانە لە رووی مەدەنی و سزایی بە هەمان شێوە بەپێی یاسا بۆ ئەو ئاوارانەش دابینکراوە کە لە ناوچە جیاجیاکانی عێراقەوە روویان لە هەرێم کردووە بە مەبەستی گەیشتن بە دادپەروەری ئاوارەکانیش دەگرێتەوە، بەو پێیەش مافی کڕین و فرۆشتن و بە کرێ گرتنی خانوو و ئۆتۆمبێلیشیان هەیە. هەروەها لە رووی دەستخستنی بەڵگەنامە پێویستەکان دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان گشتی پێداویستییەکانیان دابین کردووە، ئەمە جگە لەو خزمەتگوزاریانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشکەشیان دەکات لە هەموو بوارەکانەوە. مافی ئاوارە و پەنابەران لە رووی یاساییەوە:

- رووکردنە دادگاکان بە مەبەستی پێشکەش کردنی سکاڵا یان داوا.
- بەناو کردنی شوققە وخانوو.
- دەستخستنی مۆڵەتی شوفێری لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ.
- سەردانی کردنی فەرمانگەی باج لەکاتی ئەنجامدانی مامەڵەی کڕین و فرۆشتن.
- دەستخستنی پاسپۆرت و بەڵگەنامە رەسمییەکانی دیکە لە کاتی ون بوونیان.

**بازرگانی کردن بە مرۆڤەوە:** بەپێی یاسای ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠١٨ ی بەرکار لەهەرێمی کوردستان بۆ یاسای بەرکارکردنی یاسای نەهێشتنی بازرگانی کردن بە مرۆڤ ژمارە (٢٨) ی ساڵی (٢٠١٢) عێراقی رێکارەکان بۆ تاوانی بازرگانی کردن بە مرۆڤ ئەنجام دەدرێت. هەروەها سواڵکردنی منداڵان بە پێ ی یاسای چاودێری نەوجەوانان ژمارە ٧٦ ی ساڵی ١٩٨٣ی هەموارکراو، بەتاوان هەژماردەکرێت، بۆیە هەر منداڵێک ئەو کارەی پێ بکرێت بە پێ ی یاسا تووشی اجراءاتی قانونی دەبێت لەگەڵ ئەو کەس و لایەنەش کە هانی ئەو منداڵەی داوە.ئەمەش ئەرکی

بەدواداچوون کەوتۆتە سەر داواکاری گشتی دەبێت بەردەوام متابعەی بکات و لەگەڵ قائمقامیەت کار بکەن بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردەیە.

**<u>دەزگای داواکاری گشتی (لایەنی پەیوەندیدار):</u>** سەبارەت بەو تۆمەتانەی دەگوترێت کە ئەو ئاوارە و پەنابەرانەی روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە مەترسی ئەوەیان لەسەرە کە کاری لەشفرۆشیان پێبکرێت و منداڵەکانیان کە تەمەنیان لە خوار تەمەنی ١٨ ساڵاندایە کاریان پێبکرێت و ناچار بکرێن لەسەر شەقامەکان سواڵ بکەن دەتوانین بڵێین تاکو ئێستا دەزگای داواکاری گشتی لەم حاڵەتەدا ئاگادار نەکراوەتەوە، بەڵام قسە هەیە لەو بارەیەوە دەکرێت کە گوایە هەندێ رێکخراوی نێودەوڵەتی استغلالی ئەمە دەکەن، ئێمە وەک دەزگای داواکاری گشتی ژمارەی تەلەفۆنمان داوەتە رێکخراوە ناوخۆییەکان و خێرخوازییەکان کە ئاگادارمان بکەنەوە لەهەر حاڵەتێکی وەهادا بۆ ئەوەی بە کاری خۆمان هەڵبستین ئەویش تحریکی دعوی دژی سەرپێچی کارانی ئەم تاوانە، بەڵام تا ئێستا هیچ حاڵەتێکی وەها لای ئێمە تۆمار نەکراوە.

سەبارەت بەوەی بازرگانی بە مرۆڤەوە کرابێت دەتوانین بڵێین تاوانی بازرگانی کردن بەمرۆڤ شتێکی نوێ نیە لە هەموو جێگەو مەکانێکی ئەم جیهانە ئەنجام دەدرێت جا بۆ مەبەستی پۆرنۆ گرافی بێت یاخود بازرگانی کردن بە ئەندامانی جەستەی مرۆڤەکان یان بەبیانووی ئەوەی دەیان بەن بۆ دەرەوەی وڵات یانیش لە سنورەکان قاچاغچیاتی پێ دەکرێت لەلایەن هەندێ قاچاغچی بۆیە ئەم وڵاتەی ئێمەش بەدەر نیە لە هەبوونی ئەو تاوانە، بەڵام ئەوەی ئێمە وەک دەزگای داواکاری گشتی ئاگادار بین تەنیا دوو حاڵەت هەن ئەویش تاوەکو ئێستا تاوانەکیان بەتەواوی لەسەری دا ساخ نەبۆتەوە.

بەپێی یاسای ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠١٨ ی بەرکار لەهەرێمی کوردستان بۆ یاسای بەرکارکردنی یاسای نەهێشتنی بارزگانی کردن بە مرۆڤ ژمارە (٢٨) ی ساڵی (٢٠١٢) عێراقی رێکارەکان بۆ تاوانی بازرگانی کردن بە مرۆڤ ئەنجام دەدرێت وەک لەکاتی ئێستادا لێژنەیەکی باڵا پێکهێنراوە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ کە دەزگای پەیوەندیدارن بە جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە لەگەڵ دەزگا معنیەکانی تری وەک دەزگای داواکاری گشتی و دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ بەپێ (دەقی مادەی پێنجەم لەم یاسایە سزای سجنی هەتا هەتایی یان کاتی بۆ سەرپێچی کارانی ئەم تاوانەی داناوە، وە هەروەها لەگەڵ برێک پارەی غرامەی پێ بژاردن کە لە دەسەڵاتی دادوەرە بڕیار بدات بەوەی لە پێنج ملیۆن کەمتر نەبێت و لە دە ملیۆن زیاتر نەبێت غرامەی سەرپێچی کاران بدات لەگەڵ سزای دەست بەسەرکردن لە چاکسازییەکانی هەرێم).سزاکە قورستر دەبێت کاتێ تاوانبار یان تۆمەتبار استغلالی پێگەی پەنابەران بکات لەنێو کامپەکان و هەڵیانبخەڵەتێنێ بەتایبەت کچان و ژنان بۆ مەرامی سێکسی بەکاریان بهێنێت و بازرگانیان پێوە بکات. رێککارەکان بەم شێوەیە دەبێت دوای کردنەوەی پەراوی لێکۆڵینەوە لەسەر تۆمەتباران لەلایەن دادگای لێکۆڵینەوەی ناوچەکە ئینجا بڕیاری احالەکردن دەدرێت بۆ دادگای تاوانەکان بەپێ ی سەلماندنی ئەو بەڵگانەی کە دەست داواکاری گشتی و دادگا کەوتووە دادگا بڕیاری تاوانبارکردنی کەسەکان دەردەکات.

ئەوەی شایەنی باسە ئەوەیە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەشی مخدرات و تیرۆر و بازرگانی کردن بە مرۆڤ لەسەر هێڵە لەگەڵ سەرۆکایەتی داواکاری گشتی بۆئەوەی بتوانرێ دورات بۆ دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی بکرێتەوە و هاوکاری مادی پێشکەش بە سجنەکان بکرێت بۆ تاوانەکانی بازرگانی کردن بە مرۆڤ.

## هاوکارییەکانی حکومەتی هەرێم بۆ ئاوارە و پەنابەران:

لە دوای ساڵی 2003ـەوە بەردەوام خەڵکی ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە و ناوچەکانی خۆیان جێهێشتووە. پێش شاڵاوی تیرۆریستانی داعش حکومەتی هەرێم لە زۆر رووەوە هاوکاری ئاوارەکانی کردووە کە لە پێکهاتە ئایینی، نەتەوەیی و مەزهەبییەکان پێکهاتوون.

بە هەزاران قوتابی ئێزیدی لە زانکۆ و قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان وەرگیراون، بەو هۆیەی کە هەڕەشەیان لە سەر بووە. جگە لەمەش تەنها لە ساڵی 2013 لە زانکۆ و قوتابخانەکانی پارێزگای دهۆك نزیکەی 850 قوتابی ئێزیدی وەرگیراوە کە لە ناوچەکانی دەوروبەری شاری موسڵ هاتوون. بە هەمان شێوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێگەی داوە بە خێزانە ئاوارەکانی ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق کە بێنە ناو خاکی هەرێمی کوردستان .

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان لە هەر ناوچەیەکی دیکەی عێراق زیاتر ناوچەگەلێکی فرە نەتەوە و فرە ئایینین. بە شێوەیەکی گشتی (تەنانەت بەر لە هێرشەکانی داعشیش) ئەم ناوچانە لە ڕووی یاسایی، ئەمنی، سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە بارودۆخێکی ناجێگریان هەبوو، هۆکارەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ناکۆکی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا لەسەر ئەم ناوچانە. ئەگەرچی لە ڕووی مێژووییەوە ئەم ناوچانە کوردستانین، بەڵام لەلایەن ڕژێمی پێشوی عێراقەوە گۆڕانکاری دیموگرافیان بەسەردا هێنراوە و هەر یەکێکیان بە ناوچەیەکی ناکوردستانییەوە لکێنراون.

ئەگەر بە شێوەیەکی تایبەتی باس لە کەمە نەتەوەیی و ئایینیەکانی ئەم ناوچانە بکەین، ئەوانیش بێبەش نەبوونە لە تاڵاوی ئەو ناخۆشیانەی دووچاری خەڵکی ئەم ناوچانە بوونەتەوە و بگرە ئەو ئەو ناوچانەی کە زۆرینەیان یان سەرجەمیان لە یەکێك لەو کەمە نەتەوایەتی یان ئایینیانە پێکهاتووە رووبەڕووی ڕاگواستن بوونەتەوە، ئەمەش بە پلەی یەکەم بۆ بارودۆخی ئەمنی دەگەڕێتەوە و هەلومەرجی ئابووری بە پلەی دووەم و هۆکارەکانی دیکەش لە پلەی سێیەمدا دێن، هەموو ئەمانەش وایان لێدەکات ناچاربن ڕووبکەنە کوردستان یاخود بەرەو دەرەوەی وڵات بڕۆن. دەبێت ئەوەش بگوترێت کە بابەتی بودجەی یەکە کارگێڕیەکانی ئەم ناوچانە تاوەکو ئێستاش لە ئەستۆی حکومەتی فیدراڵی عێراقە، بە هەمان شێوە بەرپرسیارێتی پاراستنی ناوچەکان و پەرەپێدان و ئاوەدانکردنەوەشیان دەکەوێتە سەرشانی حکومەتی فیدراڵی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەموکوڕی یەکجار زۆریان هەیە و لە ئاستی پێویستدا نین.

لەلایەکی دیکەوە ئەگەر هێزەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستانیش بوونیان هەبێت لەم ناوچانەدا، ئەوا بە مەبەستی پارێزگاریکردنە لەم ناوچانە، بۆ ئەوەی ئەگەر بە ئاستێکی کەمیش بێت ئەو بۆشاییانە بکرێتەوە کە حکومەتی ناوەندی لەم ناوچانە جێهێشتوون، چونکە نابێت ئەو ڕاستیە نادیدە بگرین کە ئەم ناوچانە ناکۆکیان لەسەرە و کوردستانیش ئەو مافە بە خۆی دەدات کە ئەوەندەی پێی دەکرێت هاوکاریان پێشکەش بکات، بەڵام ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە کە لەلایەن حکومەتی فیدراڵیەوە ڕێگری زۆر لە کارەکانیان دەکرێت. ئەگەر نەخاسمە تاکەکەسێك ڕەفتارێکی خراپی لێ ببینرێت یاخود خۆی تاکەکەسێکی باش نەبێت (کە پێویستە ناو و ناسنامەی ئەو کەسانەش ئاشکرا بکرێت)، ئەوا نە نەڕاستە و نە ڕەوایە کە سەرجەم دەزگاکە بە خراپ لە قەڵەم بدرێت، لەبەر ئەوەی ئامانجی هەبوونی ئاسایش لە هەر شوێنێك بریتیە لە پاراستنی خەڵکی ناوچەکە بە تێکڕای چین و توێژەکانییەوە. لە زۆربەی ئەم ناوچانەشدا و بەپێی یاسا و ڕێساکان بارەگای حزبە کوردستانییەکان بوونیان هەیە کە سەرقاڵی ئەنجامدانی کار و چالاکی سیاسی خۆیانن .

پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان لەناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان کە هێزی ئاسایش و پێشمەرگەی لێیە، لەو پەڕی ئارامی و سەقامگیریدا بوون، بۆ نموونە پێش هاتنی داعش مانگانە لە پارێزگای نەینەوا و ناوچەکانی دیکە بە سەدان کردەوەی تیرۆریستی ئەنجامدەدرا و زۆربەیان لە دژی کەمەنەتەوە و ئایینەکان بوون کە لەژێر کۆنترۆڵی هێزی پۆلیس و سوپای عیراقی فیدراڵدا بوون، بەڵام لەو ناوچانەی کە هێزی ئاسایش و پێشمەرگەی کوردستانی لێ بوو، بەدەگمەن کردەوەی تیرۆریستی ئەنجام دەدرا چوونکە هەبوونی هێزی ئاسایش و پێشمەرگە لەم ناوچانە بەئامانجی بەرقرارکردنی ئارامی و پاراستنی گیان وماڵی هاووڵاتیان بووە.

لە هەمان کاتدا دیاردەی کۆچکردنیش لەم ناوچانە لەبەر هەبوونی هێزی ئاسایش و پێشمەرگە کەم بوو، بەڵکو کەمە نەتەوە و ئایینەکان لە ناوچەکانی دیکەی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان کۆچیان کردووە و ڕێژەیەکی زۆریشیان پەنایان هێنا بوو بۆ ناوچە و شارەکانی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ئەمەشدا چالاکی سیاسیش لەم ناوچانەدا لە فەزایەکی زۆر ئازاددا ئەنجام دەدرا و بەتۆمەتی جموجۆڵی سیاسی، هیچ کەسێك لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیرنەکراوە.

ئەوەی پەیوەست بێت بە هێزی پێشمەرگەوە، هەر کاتێك پێویست بووبێت (پێش هێرشی داعشیش) ئەوا دریغی نەکردووە لە بەرگریکردن لە ناوچە سنورییەکانی هەرێمی کوردستان یان ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان و لەم ڕووەوە بە ئەرکی خۆی هەستاوە. لە هەر ناوچەیەك پێشمەرگە بوونی هەبوبێت ئەوا جێی خۆشحاڵی خەڵکی ناوچەکە بووە، چونکە بێ جیاوازی بۆتە قەڵغانی پاراستنی خەڵکی ئەو ناوچانە بە سەرجەم پێکهاتە نەتەوایەتی و ئاینیەکانیشەوە. ئەو بارودۆخەی لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بەدی دەکرێت ئەوەیە کە بەهۆی ئەوەی ناکۆکیان لەسەرە لە نێوان هەرێم و بەغدا، ئەوا خەڵکانێك هەن کە پێیان خۆش نییە هیچ کاتێك ئەم ناوچانە حاڵەتی سروشتی و مێژووی خۆیان وەرگرنەوە و کوردستانی بن و

خوازیارن سەر بە پارێزگاكانی دیكەی عێراق بن و ئەمەش مافێكی یاسایی خۆیانە، بەڵام ئەوەی جێی داخە ئەوەیە كە هەمیشە و هەردەم كاربەدەستانی حكومەتی فیدراڵی عێراقی ئەم خەڵكانە بۆ مەرامی سیاسی خۆیان بەكار دەهێنن و هەوڵی دروستكردنی دووبەرەكی دەدەن. لەلایەكی دیكەشەوە بەهۆی هەبوونی ئەم ناكۆكیانەوە زۆرێك لە سنورەكانی ئەم ناوچانە بونەتە مۆڵگەی ڕێكخراوە تیرۆریستیەكان و ئەو بارودۆخەی ئێستا عێراقی پێدا تێدەپەڕێت گەواهیدەری ئەم ڕاستیەیە.

پێكهاتە نەتەوایەتی و ئایینیەكانی ئەم ناوچانە و تەواوی عێراق هەر كاتێک هەستیان بە مەترسی كردبێت كۆچیان كردووە بۆ هەرێمی كوردستان، ئەویش بە پلەی یەكەم لەبەر ئەوەی دەزانن پارێزگاریان لێدەكرێت، بارودۆخی ئەمنیان باشتر دەپارێزرێت، دەرفەتی كاركردنی زیاتریان بۆ دەڕەخسێت، خۆشگوزەرانی باشتریان بۆ دەستەبەر دەكرێت و مافەكانیان فەراهەم دەكرێت. بۆ نموونە بەپێی گشتاندنی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حكومەتی هەرێمی كوردستانیش هەر كارمەندێكی مەسیحی لە هەر دامودەزگایەكی عێراقی یان ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی كوردستانەوە بێت و سەر بە عێراق بێت و داوای گواستنەوەی ڕاژەكەی یان تەنسیبكردنی بكات، ئەوا بە شێوەیەكی گشتی بۆیان ئەنجام دەدرێت، ئەمە لە كاتێكدایە كە گواستنەوەی كارمەندان لە نێوان دەزگا حكومیەكانی هەرێمی كوردستان و حكومەتی مەركەزی وەستێنراوە .

دەزگا پەیوەندیدارە جیاجیاكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان هەر یەكە و بەپێی پێویست بە كاری خۆیان هەڵدەستن و ئەو خەڵكانەی ڕوویان لە هەرێم كردووە، هەر دەزگایەك بەپێی تایبەتمەندی خۆی و ڕاددەی پەیوەندی بە بابەت و خەڵكەكەوە ئاسانكاری پێویستیان بۆ دەكەن و ئیدی هەر یەكە و بەپێی مەبەستی هاتنەكەی بۆ كوردستان.

حكومەتی هەرێم لە هەر یەكە لە ناوچە كوردستانیەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی كوردستاندا بەڕێوەبەرایەتی كردۆتەوە، كە سەر بە وەزارەتە خزمەتگوزاریەكانن، بۆ نموونە، وەزارەتەكانی پەروەردە و تەندرووستی و شارەوانی و ئاوەدانكردنەوە، ئەویش بۆ مەبەستی گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ دانیشتوانی ئەم ناوچانە بەبێ جیاوازی. لە هەمان كاتدا دەستەیەكی دامەزراندووە بە ناوی دەستەی گشتی ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی كوردستان، كە یەكێك لە ئەركەكانی ئەم دەستەیە گەیاندنی خزمەتگوزاری پێویستە بۆ هەموو ناوچەكان بەبێ جیاوازی كە ئێستا توانیویەتی (9) نووسینگە لەو ناوچانەدا بكاتەوە و حكومەتی هەرێمی كوردستان لە ڕێی ئەم دەستەیەوە، لە بودجەی ساڵانەی خۆی بودجەیەكی تایبەتی بۆ ئەم ناوچانەی تەرخانكردووە و ئێستاش بەردەوامە. لە ڕێگەی ئەم بوجەیەوە توانراوە چەندین قوتابخانە و بنكەی تەندروستی دروست بكات، لەگەڵ دروستكردن و نۆژەنكردنەوەی ڕێگا و بان و باڵەخانە كۆنەكانی پێشتری پەروەردە و بنكەكانی تەندروستی و دابینكردنی كارەبا، كە زۆربەیان تەواوبوونە و هەندێكیشیان لە تەواوبووندایە و هەندێكیشیان لەم ساڵانەدا دەست پێدەكرێت و لە داهاتووشدا بەردەوام دەبێت. هەروەها بۆ زۆرێك لە قوتابخانەكان مامۆستا دامەزراوە لەسەر

میلاکی حکومەتی هەرێم و لە قوتابخانەکانی ناوچە کوردستانیەکان کار دەکەن و بە هەمان شێوە کارمەند و دەرمان و کەلوپەل بۆ بنکەکانی تەندروستی و نەخۆشخانەکان دابین کراوە.

<u>**وەزارەتی تەندروستی(لایەنی پەیوەندیدار):**</u>ئەگەر سەیری هەموو کەمپەکانی پەنابەر و ئاوارەکان بکەین دەبینین کە ئێزیدی، عەرەب، شەبەك، مەسیحی، تورکمانەکانی شیعە ...تاد، وەکو یەك یارمەتی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەردەگرن بەتایبەت لە رووی تەندروستییەوە، و هیچ جیاوازییەك لە نێوانیاندا ناکرێت.

حکومەتی هەرێم بەپێی پلانێکی ستراتیژی بە بەشداری گشت دامودەزگاکانی هاوکاری بە پەلەی پێشکەش بە ئاوارە ئێزیدییەکان کرد  لە گشت بوارەکان، چونکە ئێزیدییەکان دووچاری هێرشی لە ناکاوی داعش بوونەوە و تەنیا ژیانی خۆیان رزگار کرد تەنانەت بەشێکیان لەژێر دەستی داعش لە ناوچە داگیرکراوەکانیان مانەوە تا ئەو کاتەی ناوچەکانیان رزگارکرایەوە.

بە گوێرەی راپۆرتەکانی رێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO) لە ساڵانی رابردوو ئەو خزمەتگوزاریانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشکەشی ئاوارەکانی کردووە زۆر باشتر و پێشکەوتووترن لەوانەی لە ناوچەکانی دیکەی عێراق پێشکەش دەکرێن، سەرەڕای ئەوەی حکومەتی هەرێم تەنیا رێژەی 19%ی خزمەتگوزاری تەندروستی پێویستی پێدەگات لە بەغدا کە پشکی هەرێمە بەبێ رەچاو کردنی ئەم ژمارە زۆرەی ئاوارەی ئێزیدی و ئەوانەی لە سوریا و ناوچەکانی دیکەی عێراق روویان لە هەرێم کردووە.

لە ڕووی دابینکردنی خزمەتگوزاری تەندروستییەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانی گەشەپێدانی نیشتیمانی داناوە بە راوێژ لەگەڵ رێکخراوی تەندروستی جیهانی بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ ئاوارەکان. سەرەڕای ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە قەیرانێکی ئابووریدایە و هاتنی ئەم هەموو ئاوارانە فشارێکی زۆری درووستکردووە، بەڵام گرنگییەکی زۆری بە ئاوارە ئێزیدییەکان داوە و لە هەوڵی بەردەوام بووە بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکانیان و نەهێشتنی کەموکوڕیەکان، یەکێك لە لایەنە هەرە گرنگەکان کە حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگی پێداوە لایەنی تەندرووستی جەستەیی و دەروونی و دابینکردنی پێداویستییەکانیانە.

حکومەتی هەرێم لە هەوڵدایە بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی و منداڵبوون و دایکایەتی و  رەچاوی پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکانی تایبەتی بواری تەندروستی دەکات، بۆ ئەم مەبەستەش لە کەمپەکاندا بنکەی تەندروستی دانراوە کە  خزمەتگوزاری پێشکەش بە ئاوارەکان دەکات و چەندین بنکەی تەندرووستی تایبەت بە لەدایکبوونی لە کەمپەکان دامەزراندووە و بە هەزاران منداڵی ئێزیدی لەدایکبوون لە نەخۆشخانەکان و بنکە تایبەتەکانی لەدایکبوون، و بە هیچ شێوەیەک رێگا لە ئاوارەکان ناگیرێت بۆ وەرگرتنی چارەسەری نەخۆشی بچنە دەرەوەی کەمپەکان، هەروەها لە هەموو رسوماتی تەندروستی بەخشراون.

لەلایەکی دیکەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی تەندرووستی جیهانی گرنگییەکی تایبەتی داوە بە تەندرووستی ئافرەتە ڕزگاربووەکانی ژێر دەستی داعش، لەگەڵ چاودێری بە پەلەی تەندرووستی ئافرەتانی دووگیان و ئەوانەی منداڵیان بووە، ڕێگە گرتن لە دووگیانی نەخوازراو، مردنی منداڵان و تووشبوونیان بە نەخۆشییەکان و چەندین کلینێك و سەنتەری تایبەتی بۆ تەندروستی ئافرەتان لە بواری منداڵ بوون لەو کەمپانە کردۆتەوە، بۆ ئاگاداربوونی زیاتر لە تەندرووستی ئافرەتان لە کاتی منداڵبوون و دوای منداڵبوون.

سەرەڕای ئەو خزمەتگوزارییە تەندروستییانەی لە کەمپەکانەوە پێشکەش بە ئاوارەکان دەکرا،لە هەمان کاتدا نەخۆشخانەکانی پارێزگاکانیش پێشوازییان لێکردووە بەتایبەتی ئافرەتانی دووگیان و ئەوانەی منداڵیان بووە لە نەخۆشخانەی هەولێر بەشێکی نوێی ئافرەتان و منداڵبوون کرایەوە. هەروەها ئەو ئافرەتە ئێزیدیانەی کە دووگیان بوون دوای ئازاد کردنی شەنگاڵ بەشێکی تایبەتیان بۆ کراوەتەوە و خزمەتگوزاری تایبەتیان پێشکەش کراوە.

**__وەزارەتی ناوخۆ(لایەنی پەیوەندیدار):__** حکومەتی هەرێم گرنگییەکی زۆری بە لایەنی یاسایی ئاوارەکان داوە، چونکە دوای ئاوارەبوونیان ئێزیدییەکان پێویستیان بە یارمەتیدانی یاسایی هەبوو بۆ وەرگرتنەوەی مافەکانی خۆیان، بۆ ئەم مەبەستەش زیاتر لە (33,000) کەیس لە رووی یاساییەوە پاڵپشتی کراون و ژمارەی ئەو کەسانەی سوودیان لەم پاڵپشتییە وەرگرتووە لە مانگی 3ی ساڵی 2015 گەیشتە زیاتر لە (60,000) کەس.

**__ڕەوشی ئێزیدییەکان بە گشتی و ئەو ئافرەتە ئێزیدیانەی لە دەست داعش ڕزگار کراون:__**

ئێزیدی خاوەن ئایین و مێژوویەکی دەوڵەمەند و دابونەریت وکەلتووری تایبەتی خۆیانن زۆربەشیان لە نزیك پارێزگای موسڵ و ناوەندی قەزای شنگال و دەوروبەری لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بەتایبەتی لە "قەزای شێخان، باشیك، بەحزانی، شنگال، زومار، ئەلقوش"، لەسنوری پارێزگای دهۆك "سمێل، کۆمەڵگای خانکێ، ناوچەی دێرەبون و ئەم ناوچانەش زۆربەیان کەوتبوونەتە بەر هێرشی تیرۆریستانی داعش و خەڵکەکەی ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون تا ئەو کاتەی لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە ڕزگار کرانەوە.

دوای هێرشەکانی داعش بۆ دەشتی موسڵ و داگیرکردنی شەنگال لە سەرەتای مانگی ئابی 2014 تەنیا ئێزیدییەکان نەبوونە ئامانجی تیرۆریستان بەڵکو کریستیان و شەبەك و تورکمانەکانی ناوچەکەش ڕووبەڕووی جینۆساید و نەهامەتی و کارەسات بوونەوە و بۆ ڕزگارکردنی ژیانیان ناچاربوون شوێنەکانی خۆیان جێبهێشت و ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد، بەڵام لەبەر تایبەتمەندیی ئاینییان هێرشەکان زیاتر بۆ لە ناوبردنی ئێزیدییەکان بوو .

حکومەتی هەرێم پێشوازی کرد لە لێقەوماوان و ئاوارەکان و بەپێی توانا یارمەتیی دان لەرووی دابینکردنی شوێنی حەواندنەوە و درووستکردنی کەمپ لە هەولێر و دهۆك و سلێمانی بۆیان و دابینکردنی خۆراك و ئاوی خواردنەوە وخزمەتگوزاری و پێداویستییەکانی پەروەردە و خوێندن و تەندروستی بۆیان بە هاوکاری وهەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان. دوای وردبوونەوە و هەماهەنگی لەگەڵ چەند لایەنێکی پیوەندیدار بە راپۆرتەکە گەیشتینە ئەم زانیارانە سەبارەت بە رەوشی ئێزیدییەکان و ئەو کار و خزمەتانەی حکومەتی هەرێم لە رێگای لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەنجامیداوە.

**بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ئێزیدییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف (لایەنی پەیوەندیدار):** دوای داگیرکردنی شنگال (٦٢٨٤) هاووڵاتی کوردی ئێزیدی لەلایەن داعشەوە رفێندران لەوانە ٣٤٦٧ مێ و ٢٨١٧نێر حکومەتی هەرێم هەوڵەکانی خۆی چڕ کردەوە بۆ رزگارکردنیان، لە رۆژی 2014/11/25 لیژنەیەکی دامەزراند بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و بەدواداچوون لە کەیسی ئافرەتە ئێزیدییە رفێندراوەکان و بودجەیەکی تایبەتی تەرخان کردووە بۆ ئازاد کردنیان بۆ ئەم مەبەستەش برێک پارەی بۆ ئەو کەسانە تەرخان کردووە کە هەر ئافرەتێك ئازاد دەکات یان بە زانیاری یارمەتی ئازاد کردنیان بدات. دوای گەڕانەوەشیان حکومەت هەموو ئامادەکارییەك دەکات بۆ حەواندنەوەیان ودووبارە گەڕاندنەوەیان بۆ نێو کۆمەڵگا و دەستپێکردنەوەی ژیانێکی ئاسایی.

لەم رووەوە و بە هەوڵەکانی حکومەت تا رێکەوتی 2019/3/4 ئەوانەی رزگارکراوەکان بەم شێوەیە بوو: (3371) کەس لەوانە (1165) ئافرەت و(337)پیاو، (967)منداڵ کچ و(893)منداڵی کوڕ و هەوڵەکانیش بەردەوامن بۆ رزگار کردنی ئەوانەی لە دەست داعش ماون، هەروەها بە هاوکاری رێکخراوە نێودەوڵەتی و ناحکومیەکان کار دەکات بۆ رزگارکردنی ئەو ئافرەت و منداڵانەی کە تا ئێستا چارەنووسیان دیار نییە.

لە دوای ئازاد کردنی ئەو ناوچانە لە دەست تیرۆریستانی داعش (71) گۆڕی بە کۆمەڵ و دەیان گۆڕی تاك لەو ناوچانە دۆزراوەنەتەوە کە لە دەست داعش رزگار کراون کە بەشی هەرەزۆری قوربانییەکانی کوردانی ئێزیدی بوون . پرۆسەی گەڕان و دۆزینەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان بەردەوامە، لەلایەکی دیکەوە داعش تەنیا بە کوشتن و رفاندن نەوەستا، بەڵکو چەندین مەزار و شوێنە ئایینەکانی ئێزیدی و کریستیانیان تەقاندەوە لەوانە لە کۆی (315) مەزار و شوێنە ئایینەکانی تایبەت بە ئێزیدییەکان هەبوو، بەڵام داعش (68)یانی تەقاندەوە و خاپووری کردن، ئەمە جگە لە دەیان مەزار و شوێنی ئایینی ئێزیدییەکان پێڕەوانی ئایین و مەزهەبەکانی دیکە وەك کریستیان و کاکەییەکان، لەوانە (14)پەرستگای کوردانی ئێزدی رووخێندراون، کە مێژووەکەیان بۆ هەزاران ساڵ دەگەڕێتەوە

داعش بێ جیاوازی تاوانی دژی پێکهاتە ئایینییەکان ئەنجامدا و لە دوای هێرشەکانی تیرۆریستانی داعش جگە لە رفاندنی هاووڵاتیانی کوردی ئێزیدی، پەیرەوانی ئایین و ئایینزاکانی دیکەش لەو کارە درندانەی داعش بێبەش

نەبوون و ژمارەیەکی زۆریان رفێندران لەوانەش کریستیانەکان کە نزیکەی (200) دوو سەد هەزاریان ئاوارە بوون و روویان لە هەرێمی کوردستان کرد، هەروەها ژمارەیەکی زۆریشیان رفێندراون.

لیژنەی باڵای بەجینۆساید ناساندنی کوردانی ئێزیدیو پێکهاتە ئایینیو نەتەوەکانی دیکە، کار دەکات بۆ دۆکیۆمێنتکردنی بەڵگە و تاوانەکانی داعش و ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ شایەتحاڵو قوربانییەکان لەهەردوو رەگەز، لەو رووەوە توانیویانە (4206) دۆسێە تۆمار بکەن، کە (1778) دۆسیە لێکۆلینەوەیان تێدا تەواوبووە و ئامادەکراوە بۆ دادگا هەروەها (2428) دۆسیەش لەژێر لێکۆڵینەوەدایە و هێشتا تەواو نەبووە. لەکۆی ئەو دۆسیانەشی کە تەواو بووە (1191) یان تایبەت بوون بەکچان و ئافرەتان. جگە لەوەی (2495) کەسی ونبوو تۆمارکراوە کە (845) کەسیان لەڕەگەزی مێنەیە، تائێستاش (2303) کەس لە کۆی ونبووان هیچ زانیاریو هەواڵیان نییە.

لەلایەکی دیکەوە، تائێستا (2036) دۆسیەی تاوانی توندوتیژی سێکسی تۆمارکراوە دژ بەکچانو ژنانی کوردانی ئێزیدی کە (1052) کەسیان لەسەرەوەی تەمەنی (18) ساڵ بوون و (984) کەسیشیان لەژێرەوەی تەمەنی (18) ساڵدا بوون.

**<u>به جینۆساید ناساندنی کەیسی کۆمەڵکوژی ئێزیدییەکان:</u>**

ئەو کارەساتەی دەرهەق بە کوردانی ئێزیدی ئەنجامدرا بە پێوەرە نێودەوڵەتییەکان دەچێتە خانەی تاوانی جینۆساید، بەڵام بەهۆی ئەوەی عێراق ئەندام نییە لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، بە جینۆساید ناساندنی کۆمەڵکوژی ئێزیدییەکان کارێکی ئاسان نییە. سەرەڕای ئەمەش حکومەتی هەرێم لەسەر هەموو ئاستەکانی لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆ بە جینۆساید ناساندنی ئەم تاوانانەی دژی ئێزیدییەکان ئەنجام دراون. ئەمەی خوارەوە ئەو هەنگاوانەی کە حکومەت لەم پێناوەدا هاویشتوویەتی:

**<u>بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ئێزیدییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف (لایەنی پەیوەندیدار):</u>** حکومەتی هەرێم لیژنەیەکی دامەزراندووە کە پێکهاتووە لە نوێنەرانی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان شەهیدان و ئەنفالکراوەکان، کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە و نوێنەری یاساناسی ئێزیدییەکان.

ئەرکی سەرەکی ئەم لیژنەیە کۆکردنەوەی زۆرترین بەڵگە و دوکیۆمێنتە لەسەر تاوانەکانی داعش و تا ئێستاش بە هەزاران بەڵگە لەسەر ئەم تاوانە کۆکراونەتەوە، هەروەها چەندین لیژنەی لاوەکی دامەزراوە لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان لە ئەمریکا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، ئیتاڵیا، هۆڵەندا و یەکێتی ئەوروپا و ئەم لیژنانە دەستیان بە کارەکانیان کردووە بۆ ناساندنی ئەم کەیسە وەك جینۆساید. بەم میکانیزمەوە حکومەتی هەرێم لە هەوڵی ئەوەدایە رێکارە یاساییەکان بگرێتە بەر بۆ تۆمارکردنی ئەم داواکارییە و پێشکەش کردنی بەڵگە پەیوەندیدارەکان بۆ دادگای باڵای تاوانی نێودەوڵەتی لە لاهای.

لەلایەکی دیکەوە لیژنەی مافی ئافرەتان لە پەرلەمانی کوردستان هەوڵەکانی دەستپێکرد بۆ کۆکردنەوەی کۆمەك بۆ ئەو ئافرەتانە، هەروەها ئەندامانی لیژنەی ناوبراو لە بەغدا لەگەڵ وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی فیدڕاڵی کۆبوونەوەیان ئەنجامداوە بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی بە پەلە بۆ کەیسی ئافرەتە ئێزیدییە رفێندراوەکان، دواتر حکومەتی فیدراڵ لیژنەیەکی بەدواداچوونی راستییەکانی نارده هەرێم بۆ یارمەتیدان و قەرەبوو کردنەوەی ئافرەتە ئێزیدییە رزگاربووەکان. بۆ ئەم مەبەستە سەردانی کەمپەکانیشی کرد.

جگە لەم هەوڵە بەردەوامانە دامودەزگا حکومیەکانی هەرێم بە هەماهەنگی لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەوڵی ئەوەدان کە لەسەر ئاستی نیشتیمانی و نێودەوڵەتی رێگا بدرێت بە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی ئەرکەکانی جێبەجێ بکات لە عێراق لە بابەتی ئەو تاوانانەی کە دژ بە ئێزیدییەکان ئەنجامدراون لەلایەن داعش.

## ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی و هێرشکردنە سەر پارێزگای هەولێر:

**پارێزگای هەولێر (لایەنی پەیوەندیدار):**تیرۆریستان کاتێک هێرشیان کردە سەر باڵاخانەی پارێزگای هەولێر بەر لە دەستپێکردنی دەوامی فەرمی بوو و مەبەستیان لەو کردەوە تێکدانی ئەمن و ئاسایشی هەولێری پایتەختی هەرێم بوو، کاتێک ئەو هاووڵاتییە کریستیانە شەهید بوو، تیرۆریستان هیچ زانیارییان دەربارەی ئایین یان نەتەوەی نەبووە و هەر کەسێکی تر لەو کاتەدا لەو شوێنە ئامادەبوایە دەستیان لێی نەدەپاراست کەواتە کردەوەکە کردەوەیەکی تیرۆریستانە بووە و هیچ پەیوەندی بە ئاین و نەتەوەوە نەبووە.

لە ماوەی ساڵانی رابردووە چەند جارێکی دیکە تیرۆریستان کردەوەی خۆکوژییان لە هەولێر و شارەکانی دیکەی کوردستان ئەنجامداوە و لە کۆی ئەو کردەوانە بەشی هەرەزۆری قوربانییەکان کوردی موسڵمان بوون و ئامانجی تەنیا تێکدانی رەوشی ئارامی و سەقامگیری کوردستان و بڵاوکردنەوەی ترس و دڵەڕاوکێ بووە لە ناو هاووڵاتیان. هەر بۆیە دووپاتی دەکەینەوە کە کوژرانی ئەو فەرمانبەرە کریستیانە لە باڵاخانەی پارێزگای هەولێر بە هیچ شێوەیەک پەیوەندیی بە ئایینەوە نەبووە.

## دەستگیرکردنی ئەو مێردمنداڵانەی پەیوەندییان بە داعشەوە هەبووە:

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی (لایەنی پەیوەندیدار):** ئەو نەوجەوانانەی لە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتی تەمەنی (18) ساڵی تەواو دەکەن و بەردەوامن لە خوێندن بە سیستەمی خانە و ئەگەر بەردەوام بن لە خوێندن تا تەمەنی (18) ساڵی لە خانەکان دەمێننەوە، بەڵام ئەگەر نەخوێنێت سیستەم رێگا نادات بە مانەوەی ئەو نەوجەوانە لە خانەکان، چونکە بەردەوام بوون لە خوێندن یەکێکە لە مەرجەکانی خانە، دوای ئەوەی دەچنە قۆناغی زانکۆ و پەیمانگاکان ئەوا لە بەشی ناوخۆی قوتابیان جێگایان بۆ دەکەنەوە بەمەرجی بەردەوام بوون لە

خوێندن، سەرەڕای ئەمە هەندێک جار یارمەتی دەدرێن بۆ مانەوەیان تا شوێن و جێگایان بۆ دابین بکرێ یان کاریان بۆ دەدۆزرێتەوە .

سەبارەت بە سیستەمی خێزانی جێگرەوە کاری لەسەر کراوە بە هاوکاری ڕێکخراوی (STEP)ی بەریتانی، بیرۆکەی خێزانی جێگرەوە لە ساڵی (2009) هەبووە لە ساڵی(2010) کاری لەسەر کراوە بەهەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی ناوبراو کە ئۆفیسیان لە پارێزگای سلێمانییە. لیژنەیەکی باڵا پێکهێنراوە لەسەر ئاستی وەزارەت و نوێنەری بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پارێزگاکان بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی (STEP) کاری لەسەر داڕشتنی سیستەمی خێزانی جێگرەوە کردووە لە ساڵی (2012) ڕەشنووسی سیستەمەکە بەرزکراوەتەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ، هەروەها یاداشتی لێك تێگەیشتن لە نێوان وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوی (STEP) ی بەریتانی واژۆ کراوە.

<u>**بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵان هەولێر (لایەنی پەیوەندیدار):**</u> دوای ساڵی 2014 هێرشی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر چەند ناوچەیەکی کوردستان لە ئەنجامی ئەو هێرشە سەدان هەزار کەس لەو ناوچانە کە کەوتبوونە ژێردەسەڵاتی داعش روویان لە هەرێمی کوردستان کرد، لەو کاتەدا جیاکردنەوەی هاووڵاتیانی ئاسایی و ئەوانەی پەیوەندییان بە داعشەوە هەیە کارێکی ئاسان نەبوو و ئاستەنگی زۆری بۆ پێشمەرگە و لایەنە ئەمنییەکان درووست دەکرد، بۆیە چەند رێووشوێنێکی ئەمنی دەگیرایە بەر بۆ پاراستنی سەلامەتی هاووڵاتیان و خودی ئاوارەکان و رێگانەدان بە دزە کردنی تیرۆریستان بۆ نێو هاووڵاتیان بۆ پاراستنی سەروماڵی هاووڵاتیانی هەرێم بە ئاوارەکانیشەوە.

لە چاکسازی ژنان و منداڵانی هەولێر لە ئێستادا (90)کەس لە نەوجەوانان و ئافرەتان و منداڵ هەیە لەوانە (14) کوڕ کە راگیراوە و (50)ی دیکەش لە کوڕەکان فەرمانی سزایان بۆ دەرچووە ئەمانە تەمەنیان لە (18) ساڵ کەمترە لەگەڵ (٢٦) ئافرەت و لە ماوەی رابردووشدا ژمارەیەکی زۆریان کە بە تۆمەتی تیرۆر دەستگیرکرابوون ئازاد کراون و رەوانەی ئەو شوێنانە کراون کە لێوەی هاتبوون.

ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە 18 ساڵ کەمترە و گومانیان لێدەکرێت پێشتر پەیوەندییان بە داعشەوە هەبووبێت، ئەوا وەک قوربانی دەستی داعش مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت نەک تاوانبار و بەشێوەیەکی ئاسایی و لە روانگەیەکی مرۆییەوە لایەنە پەیوەندیدارەکان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن وەک گشت منداڵی ڕاگوێزراوەکان بە رەچاوکردنی بارودۆخی تایبەتیان.

تا ئێستا ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانە دەستگیرکراون کە پەیوەندییان بە داعشەوە هەبووە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کراوە و لە ئەنجامدا هەندێکیان سزا دراوان و سزاکەشیان بەپێی ئەو تاوانەیە کە ئەنجامیانداوە، لەوانە ژمارەیەکیان تەمەنیان لە خوارووی (18)ساڵە و لە چاکسازییەکان دەستبەسەرن.

ئەم پرۆسەیەش بە هەماهەنگی لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و رێکخراوە ناحکومییە بیانییەکان ئەنجام دەدرێت. هەروەها هەر مێرد منداڵێك بەبێ دایك و باوك بێتە هەرێمی کوردستان زۆر بەباشی لەلایەن بەڕێوەبەرانی کەمپەکان و رێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانەوە. مامەڵەی منداڵی بێ سەرپەرشتیاریان لەگەڵ دەکرێت و شوێنی تایبەتیان بۆ تەرخان دەکرێت.

فەرمانگەی گشتی بەڕێوەبەرایەتییەکەمان کار دەکات بۆ ئەوەی لە کاتی مانەوەیان لە چاکسازیدا فێری کار و پیشە بکرێن تاکو لە دوای ئازادکردنیان بتوانن بژێوی ژیانی خۆیان پەیدا بکەن، هەروەها کار دەکات بۆ ئەوەی بە زووترین کات ئازاد بکرێن و لەرووی مافەکانیانەوە ئەو مێرد منداڵانە هەمان مافی راگیراوانی دیکەیان و هەیە وەک بوونی پارێزەر، بەڵام ئەگەر نەیتوانی ئەوا بێ بەرامبەر پارێزەریان بۆ دابین کراوە و کار بۆ ئازادکردنیان کراوە، لەلایەک دیکەوە رێکخراوی یونیسێف بەم دواییە پارێزەرێکی راسپاردووە بۆ بەدواداچوونی کەیسەکانی راگیراوان لە چاکسازی هەولێر و لایەنە پەیوەندیدارەکان هاوکارییەکی زۆری ئەو پارێزەرە دەکەن و بەم دواییە (6) لە گیراوان لە رێگای پارێزەرەکەوە ئازاد کراون.

سەبارەت بەو منداڵانەی کە لەگەڵ دایکیان دەژین ئێمە کارمان کردووە بۆ ئەوەی بگەڕێنرێنەوە بۆ لای ماڵە باوانیان یان خانەی چاودێری کۆمەڵایەتی، بەڵام بەشێکی زۆری خانەوادەکانیان ئامادە نین بگرنە خۆ. بەپێی یاسا ئەم منداڵانە بۆیان هەیە تا تەمەنی (3) ساڵی لەگەڵ دایکیان بمێننەوە، هەروەها داینگەشیان بۆ دانراوە.

سەبارەت بە سەردانی کردنی رێکخراوەکان، هەموو رێکخراوەکان رێگەیان پێدراوە سەردانمان بکەن بەپێی یاسا و رێنماییەکان، بەڵام لە بەڕێوبەرایەتییەکەمان سیستمێکی تایبەت پەیڕەو دەکرێ، چونکە رۆژانە راهێنانی پیشەییان هەیە، بۆیە هەفتانە (2) رۆژ رێکخراوەکان بۆیان هەیە سەردانیان بکەن و لە کاتی سەردانیان پێویستە زووتر ئاگادارمان بکەنەوە بۆ ئەوەی کاتیان بۆ تەرخان بکەن و نەبێتە هۆی ئەوەی لە هەمان کاتدا رێکخراوی دیکە سەردانیان بکەن. بە گوێرەی دواین ئامارەکان لە ساڵی 2018 ـەدا رێکخراوەکان 168 جار سەردانی گرتووخانەکانیان کردووە بۆ بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لە رەوشی بەندکراوان و بە تەواویش هاوکاریمان کردوون. هەروەها دەتوانن تەلەفۆن بەکاربهێنن و پەیوەندی بە کەسوکاریانەوە بکەن بە شێوەیەکی ئاسایی، تەنیا لەو کاتانەدا نەبێت کە لەژێر لێکۆڵینەوەدابن.

لە لایەکی دیکەوە پرۆگرامێکی تایبەت دانراوە بە رەزامەندی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی بۆ ئەوەی ئەم دەستگیر کراوانە سوودمەند بن لە پرۆسەی خوێندن بە زمانی عەرەبی و بڕیار وایە بەم زووانە ئەم پرۆسەیەی دەستپێبکات بۆ ئەوەی گیراوان لە پرۆسەی خوێندن بێبەش نەبن.

ئەو مێردمندالأنەی دایک و باوکیان دەستگیرکراوە یان گومان لێکراون بە پەیوەندیکردنیان بە تیرۆریستانەوە، بەشێوەیەکی ئاسایی و لە روانگەیەکی مرۆییەوە لایەنە پەیوەندارەکان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن وەک گشت منداڵی ڕاگوێزراوەکان بە رەچاوکردنی بارودۆخی تایبەتیان. بەشێوەیەکی گشتی دەزگا پەیوەندیدارەکان لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ چارەسەر کردنی کەیسی ئەو منداڵانە و ئەو کەیسانەی یەکلاکراونەتەوە چ بە ئازادکردن یا سزای زیندانیکردنیان وەرگرتبێت.

لە بارەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان بەندکراوەکان لە کاتی پێویستدا رەوانەی نەخۆشخانەکان دەکرێن و ئەو راگیراوانەش کە نەخۆشی درێژخایەنیان هەیە لەلایەن بەشەکانی گرتن و گواستنەوە ڕەچاوی باری تەندروستییان کراوە و بۆیان هەیە خواردنی تایبەت بۆ خۆیان دروست بکەن. ئەم جۆرە بەندکراوانە بەردەوام لەلایەن پزیشکەکانی بنکەکانی تەندروستی لە بەشەکانی گرتن و گواستنەوە چاودێری باری تەندروستیان دەکرێت.

**<u>رێوشوێنەکانی دەستگیرکردنی ئەو کەسانەی بە تۆمەتی تیرۆر تێوەگلاون:</u>**

لە دوای ساڵی 2014 هێرشی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر چەند ناوچەیەکی کوردستان لە ئەنجامی ئەو هێرشە سەدان هەزار کەس لەو ناوچانە کە کەوتبوونە ژێردەسەڵاتی داعشroوویان لە هەرێمی کوردستان کرد، لەو کاتەدا جیاکردنەوەی هاووڵاتیانی ئاسایی و ئەوانەی پەیوەندییان بە داعشەوە هەیە کارێکی ئاسان نەبوو و ئاستەنگی زۆری بۆ پێشمەرگە و لایەنە ئەمنییەکان درووست دەکرد، بۆیە چەند رێووشوێنێکی ئەمنی دەگیرایە بەر بۆ پاراستنی سەلامەتی هاووڵاتیان و خودی ئاوارەکان و رێگانەدان بە دزە کردنی تیرۆریستان بۆ نێو هاووڵاتیان بۆ پاراستنی سەروماڵی هاووڵاتیانی هەرێم بە ئاوارەکانیشەوە.

لە کاتی هاتنی ئاوارە و راگوێزراوەکان لە سەنتەرەکانی پێشوازی کردن دەزگا ئەمنییەکان لێکۆڵینەوە لە ناوەکانیان دەکەن و زانیاریان لەسەر وەردەگرن، ئەو کەسانەی کە گومانیان لەسەرە یان داواکراون، رەوانەی ئاسایش و دادگا دەکرێن بۆ ئەنجامدانی رێوشوێنی پێویست بەرامبەریان و لەم رووە تا ئێستا سەدان کەس دەستگیر کراوە کە بە بەڵگەی تەواوە دەرچووە کە ئەندامی داعش بەشێک لەو گیراوانە ماوەیەک لە ریزەکانی داعش بوون، تەنانەت قەناسی بەدەستی داعش بوون و بەشداری خولی مەشق و راهێنانی سەربازی و هزری داعشیشیان کردووە ئەمەش بەپێی ئەو زانیاریانە بووە کە بە ئیعتیراف و شاهیدی خودی راگوێزراوەکان بووە دوای ئەوەی دەزگا

پەیوەندیدارەکان دڵنیا دەبن لە وتەکانیان، هەروەها پێش رزگار کردنی ئەم ناوچانە زانیاری هەواڵگری لەسەر ژمارەیەک لەو کەسانە هەبووە.

هیچ کەسێک بەبێ بڕیاری دادگا دەستگیر ناکرێت بە هیچ تۆمەتێک و گشت رێوشوێنەکانیش بە بڕیاری دادگا ئەنجام دەدرێن، هەروەها دوای دەستگیرکردنیشی مافە یاساییەکانی خۆیان هەیە بەپێی بنەما و یاسا نێودەوڵەتییەکان، بۆیە رێگری لە هیچ کەسێک ناکرێت و هەموو کەسێک کە دەستگیر دەکرێت، دوای دەستگیرکردنی تۆمەتباران و داواکراوان بەپێی یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی (قانون اصول محاكمات الجزائیه) ژمارە (23) ساڵی (1971)ی هەموارکراو مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ. رێکارەکانیش بریتین لە سەلماندنی کەسایەتی داواکراو و گومان لێکراو و دەستپێکردنی لێکۆڵینەوەکان.

هەر کەسێک لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە دەستگیر بکرێت بۆ ماوەی (24) کاتژمێر دەمێنێتەوە بۆ لێکۆڵینەوە دواتر بەپێی ئەنجامی لێکۆڵینەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت و دەنێردرێن بۆ دادگای تایبەت بۆ یەکلاکردنەوەی کەیسەکانیان، بەڵام زۆر جار بە هۆی زۆری ژمارەی راگوێزراوان ئەوا رێکارە یاساییەکان ماوەیەک دەخایەنێت بۆ یەکلاکردنەوەی کەیسەکان. لە لایەکی دیکەوە وەزارەتی ناوخۆ مانگانە بە لیست ناوی ئەو راگیراوانەی پەڕاوەکانیان یەکلایی نەکراوەتەوە رەوانەی سەرۆکایەتی دادگاکانی تێهەڵچوونەوەی پارێزگاکان دەکات بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانیان و ئەنجامدانی پرۆسەی دادگایی کردنیان بەپێی یاسا.

**<u>هێشتنەوەی راگیراوان بۆ ماوەیەکی درێژخایەن:</u>**

**<u>وەزارەتی ناوخۆ(لایەنی پەیوەندیدار):</u>** بە مەبەستی نەهێشتنەوەی راگیراوان بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بەر لە دادگایی کردنیان، وەزارەتی ناوخۆ بەلیست مانگانە ناوی راگیراوان رەوانەی لایەنی پەیوەندیدار دەکات، بەهەمان شێوە ئەو راگیراوانەی لە شەش مانگ زیاتر لە بەشەکانی گرتن و گواستنەوەی پۆلیسی پارێزگاکان راگیراون و پەڕاوەکانیان یەکلایی نەکراوەتەوە، ناوەکانیان بە لیست رەوانەی سەرۆکایەتی دادگاکانی تێهەڵچوونەوەی پارێزگاکان دەکرێت بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانیان.

**<u>بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش(لایەنی پەیوەندیدار):</u>** لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش نوێنەری دادوەر هەیە و بەشداری دەکات لە لێکۆڵینەوە لەگەڵ تاوانباران، چونکە دوای دەستگیرکردنی هەر تاوانبارێك، پێویستە ئەفسەری لێکۆڵینەوە بەڵگە لەسەر تاوانبار کۆبکاتەوە، ئینجا بە بەشداری نوێنەری دادوەر دۆسییەکانیان ئاراستەی دادوەر دەکرێن.

گشت راگیراوەکان لە ئاسایش دوای دەستگیرکردنیان بۆ ماوەی (15) رۆژ دەمێننەوە تا بەپێی یاسا قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە کۆتایی پێدێت و دۆسیەکانیان یەکلایی دەکرێتەوە، بەڵام هەندێك جار بۆ سەلماندن و کۆکردنەوەی

بەڵگەی زیاتر، ئەوا ماوەکە درێژ دەکرێتەوە ئەویش بەپێی فەرمان و رەزامەندی دادوەر، چارەنووسی راگیراو لە ماوەی (24) کاتژمێر دیاری دەکرێ یان ئازاد دەکرێ یان لێکۆڵینەوەکان بەردەوام دەبن، گەواهیدەرەکانیش بە هەموو شێوەیەك گیانیان پارێزراوە.لە هەمان کاتدا هەر کارمەندێکی ئاسایش پێشێلی پرەنسیپەکان بکات و پابەندی رێنماییەکان نەبێت سزا دەردێ.

لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی (گشتی، هەولێر، دهۆك) شوێنی حەوانەوە و خۆراك و خواردەمەنی بەندیخانەکان تەندروست و هەمەجۆرە، هەروەها بەردەوام رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ دەستخۆشیيان لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم کردووە لەم بارەیەوە، دەرگای بەندیخانەکانیش کراوەبووە بۆ رێکخراوەکان وەك خاچی سوور و یۆنامی و هەموو رێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییە پەیوەندارەکان و لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان، بەندیخانەی تاکەکەسی بەشێوەیەکی کاتی و بۆ حاڵەتی ئیستیسنائی بووە بەتایبەتی ئەگەر نەخۆشییەکی هەبێت یاخود رەفتارەکانی ناپەسەند بن و ئاژاوە درووست بکات.

بە شێوەیەکی گشتی لایەنە پەیوەندیدارەکان هۆکاری دواکەوتنی رێو شوێنەکان دادگایی کردنی تۆمەتباران، دەگێڕنەوە بۆ ئەوەی کە لە بنکەکان پۆلیس و نووسینگەکانی نەهێشتنی تاوان رێکارە یاساییەکان لەلایەن لێکۆڵەرەکانی پۆلیس ئەنجام دەدرێت کە بەپێی یاسا بۆی دیاری کردووە، بەڵام لەلایەن بەرێزان دادوەرانی لێکۆڵینەوە چارەنووسیان دیار دەکرێت لە هەمانکاتدا بەرپرسیاریەتی دەکەوێتە ئەستۆی دادوەرانی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە تەواوکردنی پەراوی لێکۆڵینەوە لە ماوەی یاسایی دیاری کراو.

**<u>کەیسی نیاز عەزیز صالح:</u>** نیاز عەزیز بەپێی ماددەی یەکەم لە یاسای ژمارە (21)ی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی 2003 و لە جیاتی مادده هاوبەشەکانی (47،48،49) لە یاسای سزادانی عێراقی هەموارکراو لە یاسای سزادانی لە کەیسی لێکۆڵینەوە کە لە بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تیرۆر دەستگیرکراوە واتە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی دەستگیر نەکراوە.

دوای گەیشتنی ئەم کەیسە بۆ دادگا بە ژمارە (179/ج2 /2014) رۆژی 2014/6/17 دیاریکا بۆ دادگا، بەڵام دادگاکە پێك نەهات لەبەر ئەو هۆکارانەی لە کۆنووسەکەدا هاتووە دواخرا بۆ رۆژی 2014/7/15، بەڵام دیسان پێك نەهات و دواخرا تا لە رۆژی 2014/7/21 دادگا بە ئامادەبوونی جێگری داواکاری گشتی بەرێز (نەجات جەعفەر یابە) ،وە بەرێزان (کەریم محەمەد صۆفی، صهیب عارف عبدالله، کاردۆ رەزا مجید) وەك پارێزەرانی (نیاز عەزیز صالح) بەپێی بریکارنامەی تایبەت و پەسەند کراو لە رۆژی دادگایی کردن پێکهات.

دوای ووردبوونەوە کۆنووسەکانی داواکارییەکە هاوپێچ کرا، دەست کرا بە دادگایی رووبەڕوو و ئاشکرا، دادگا ناوی تاوانبارەکانی نووسی و بڕیاری ئیحالەی ژمارە (86) لە 2014/5/22، پاشان دادگا دواخرا بۆ 2014/8/18، بەڵام دادگاکە پێك نەهات و چەند جارێکی تر دواخرا لەبەر ئەو هۆکارانەی کە لە کۆنووسەکەدا هاتووە تا رۆژی

2014/12/8، لەجیاتی ئەو رۆژی 2014/12/11 دادگاکە پێك هات بە ئامادەبوونی بەڕێز (سەردار محمد كريم) جێگری داواکاری گشتی، تاوانبار ئامادەبوو لەگەڵ پارێزەرەکانیان (کەریم محەمەد سۆفی، صهيب عارف عبدالله، کاردۆ رەزا مجيد)، دادگاکە دەستی پێکرد بەشێوەیەکی ڕووبەڕوو و ئاشکرا و کۆنووسی چەسپاندن ڕۆژی 1/2/ 2012 خوێندرایەوە لەگەڵ ووتەکانی (ئیفادە) نوێنەری یاسای مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لەبەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە دابووی لە 2012/2/19 و لە دادگاکە نووسرا.

ووتەکانی هەردوو هەواڵبەری نهێنی ژمارە (149) کە لەبەردەم دادوەری لێکۆڵینەوەی هەولێر لە ڕۆژی ( 2/22 /2012 ) و ژمارە (15،16) کە لەبەردەم دادوەری لێکۆڵینەوەی هەولێر لە ڕۆژی 2012/2/26 دابوویان و ئامادەنەبوون لەبەردەم دادگا هەرچەندە ئاگادار کرابوونەوە. دواتر ووتەکانی شاهید (محمود ياسين على) کە لەبەردەم دادوەری لێکۆڵینەوەی هەولێر دابووی لە ڕۆژی 2013/4/15 خوێندرایەوە، پاشان هەردوو لێکۆڵینەوەی ڕۆژانـــی 2013/1/3 و 2012/12/10 خوێندرانەوە و دادگا سەیری وێنەی تۆماری تاوانبار و پەڕاوی پێشینەکانی کرد.

ئینجا وتەکانی تاوانبار (نياز عزيز صالح) خوێندرانەوە کە لە بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوەی هەولێر دابووی لە ڕۆژانی ( 2012/1/9 و 2012/2/13 ) دواتر بەپێی ماددەی (437) لە یاسای سزاکان، تاوانەکان ئاراستەی تاوانبار کران، دوای ئەوەی بۆیان ڕوون کردەوە دادگاکە دواخرا بۆ ڕۆژی (2014/12/15) کە تیایدا دادگاکە پێکهات بە ئامادەبوونی جێگری داواکاری گشتی و تاوانبار لەگەڵ پارێزەرەکانی (کەریم محەمەد سۆفی، صهيب عارف عبدالله، کاردۆ رەزا مجيد) ، دادگاکە بەشێوەیەکی ڕووبەروو و ئاشکرا دەستی پێکرد، جێگری داواکاری گشتی زانیارییەکانی خۆی پێشکەش کرد، هەروەها پارێزەران کە بریکاری تاوانبارن لیستی بەرگری خۆیان پێشکەش کرد و دوایین وتەی تاوانبار نووسرا، ئینجا کۆتایی هاتنی دادگاکە ڕاگەیەنرا بە مەبەستی ووردبوونەوە و گفتوگۆ بۆ دەرکردنی بڕیار .

دوای ووردبوونەوە و گفتوگۆکردن بۆ چۆنیەتی بەڕێوەچوونی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی و دادوەری و ئەم دادگایە و کۆنووسی ڕۆژی 2014/1/2 و کۆنووسی هەردوو لێکۆڵینەوەی ڕۆژانی 2012/12/10 و 2013/1/3 و وتەی ( ئیفادە) نوێنەری یاسایی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بەشێوەی لێکۆڵینەوە و دادگا. ووتەکانی هەردوو هەواڵبەری نهێنی ژمارە (14) لە 2012/2/22 و ژمارە (15) لە 2012/2/26 و ژمارە (16) لە 2012/2/26 و وتەکانی شاهید (محمود یاسین عەلی) بەشێوەی لێکۆڵینەوە و دادگایی. و ووتەکانی تاوانبار کە لە لێکۆڵینەوەدا بە ڕوونی دانی بە سروشتی کارەکەی ناوە، وە هەستاوە بە بردن و ئاشکرا کردنی زانیاری حزبی بۆ لایەنێکی دیکەی حزبی. وەك لە ووتەکانی دا دیارە تاوانبار (نياز عزيز صالح) زانیاری گواستۆتەوە بۆ تاوانبار (محمد سعيد كريم) جا بەشێوەی نووسین یان زارەکی بێت، ئەویش زانیارییەکانی گواستۆتەوە بۆ ئەو شوێنەی کاری تێدا دەکات .

هەرچەندە تاوانبار (نیاز عزیز) ئەم تاوانەی ڕەتکردەوە، بەڵام ئەو لەبەردەم دادگای لێکۆڵینەوە دانی بەتاوانەکەی نابوو، بۆیە لەبەربوونی بەڵگەی تەواو لەسەر ئەو تاوانەی ئاراستەی کراوە، دەتوانرێت بەپێی ماددەی (437) و لە جیاتی مادده هاوبەشەکانی (47،48،49) لە یاسای سزادان سزا بدرێت، چونکە ئەو زانیارییانەی ئاشکرا کراوە بۆ لایەنێکی حزبییە نەك بۆ یەکێك لە دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوە دادگا بڕیاری دا بەپێی ئەو ماددەیە ئیدانە بکرێت و سزا بدرێت لەکاتی سەپاندنی سزا بەسەری، ئەم بڕیارە بەرێککەوتن و پشت بەستن بە ماددەی (182/أ ) لە یاسای اصولی دادگای سزاکانی هەموارکراو بەشێوەیەکی ڕووبەڕوو  کە قابیلی تەمیز کردنە لە ڕۆژی 2014/12/15 ڕاگەیەنرا.

دادگا ڕووبەڕوو  بڕیاری دا بە زیندانی کردنی (نیاز عزیز صالح) بۆ ماوەی (2) ساڵ لەگەڵ ژماردنی ماوەی ڕاگرتنی لە ڕێکەوتی 2012/1/9 تا 2014/12/14 بەپشت بەستن بە حوکمی ماددەی (437) و لە جیاتی مادده هاوبەشەکانی (47،48،49) لە یاسای سزادانی عێراقی هەموارکراو.دوای تەواوکردنی سزاکەی ئازاد دەکرێت ئەگەر لە هیچ کەیسێکی دیکە داواکراو نەبێت، بە پشت بەستن بە حوکمی ماددەکانی (182/أ) و (213/أ) لە یاسای اصولی دادگای سزاکانی هەموارکراو کە قابیلی تەمیز کردنە لە 2014/12/15 ڕاگەیەنرا.

**<u>چەند زانیارییەکی گرنگ سەبارەت بە کەیسی نیاز عەزیز:</u>** (نیاز عزیز صالح) لە 2012/1/5 بە بڕیاری دادگای لێکۆڵینەوەی ئاسایشی هەولێر دەستگیر گراوە و بە تاوانی سیخوڕی کردن دادگایی کراوە. بە  پشت بەستن بە دەقی  مادده (1) لە یاسای ژمارە ( 21) ی ساڵی 2003 ، بەڵام دادگای تاوانی/2 بەماددەی (437) ی یاسای سزادانی عێراقی سزای دا بەدوو ساڵ .هۆکاری ئازاد نەکردنی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە کێشەیەکی تر داواکراوە بەپێی ماددەی (289،298) لە یاسای سزادانی عێراقی و لە پەڕاوێکی تردا داوا کراوە بە ماددەی (289) کە تایبەتە بە تەزویر. سەرۆکایەتی دادگای تاوانی هەولێر، دادوەرانی بەڕێز (ضاهر محمد مصطفى، تحسين طه، زرار محمود مرادخان) بڕیاری سزادانی داوە لەکاتی پەڕاو لە دادگای لێکۆڵینەوە هیچ جار تەمیز نەکراوە.

لە ڕۆژی دەستگیرکردنییەوە (3) پارێزەری هەبووە هەتاکو ئێستاش بەردەوامن، پارێزەرەکانیشی ئەمانەن (کەریم محەمەد سۆفی، صهيب عارف عبدالله، کاردۆ ڕەزا مجيد) هەروەها وەکو هەر بەندکراوێکی ئاسایی ڕۆژانی دیاریکراو  کەس و کاری سەردانی دەکەن و چاویان پێ دەکەوێت و لەرووی تەندروستیشەوە هیچ کێشەیەکی نییە و وەکو هەموو زیندانییەکی تر مافی زیندانی بۆ دابین کراوە بەپێی یاسا، ڕۆژانە لەلایەن پزیشکی بەندیخانە پشکنین بۆ هەموو بەندکراوێك دەکرێت، (نیاز)یش وەکو هەموو بەندکراوێکی تر پشکنینی بۆ کراوە. لەناو بەندیخانەش پزیشکی تایبەت هەیە بۆ پشکنین زیندانییان، پزیشکی بەندیخانە هەر کاتێك کە پێویستی کرد ئەوە لەلایەن پزیشك ڕەوانەی نەخۆشخانە دەکرێت ئەگەر لە بەندیخانە چارەسەری نەبوو، بەڵام نیاز تاکو ئێستا هیچ کێشەیەکی تەندروستی نییە و ئەشکەنجەش نەدراوە ( پێویستە بەڵگە پێشکەش بکرێ) ، ئەگەر ئەشکەنجە درابا ئەوا دادگا دەیزانی، چونکە چەندین جار چۆتە بەردەم دادگاو دادوەران. دواتر نیاز عەزیز لە بەرواری 2017/8/17 ئازاد کراوە

## **<u>ڕێو شوێن و ڕێکارە یاساییەکانی تایبەت بە دەستگیرکراوان:</u>**

**<u>وەزارەتی ناوخۆ(لایەنی پەیوەندیدار):</u>** بە شێوەیەکی گشتی لە کوردستان سێ جۆرە گرتووخانە هەیە (بنکەی ڕاگرتن و گواستنەوە (التوقیف و التسفیرات)، بنکەی چاکسازی، بنکەی چاکسازی ئافرەتان و نەوجەوانان). دوای دەستگیرکردنی تۆمەتباران و داواکراوان بەپێی یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی (قانون اصول محاکمات الجزائیە) ژمارە (٢٣) ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ و ڕێکارەکان بریتییە لە سەلماندنی کەسایەتی داواکراو و گومان لێکراو و دەستپێکردنی لێکۆڵینەوەیەکی بنەرەتی، دوای گەیشتن بە راستی داوایەکە تۆمەتبارەکە وەک مافێکی خۆی بۆی هەیە پارێزەرێک ئامادە بکات و ئەگەر نەیتوانی پارێزەر ئامادە بکات ئەوا لەسەر دادگا پێویستە پارێزەری بۆ دابین بکات و ئاگاداری کەسوکاری دەکرێت کە ناوبراو گیراوە لە بنکەی پۆلیس، دواتر کەیسەکە رەوانەی دادگای تایبەتمەند دەکرێت بۆ یەکلایی کردنەوەی بەپێی یاسا.

دواکەوتنی ڕێو شوێنەکان دادگایی کردنی تۆمەتباران هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە بنکەکان پۆلیس و نووسینگەکانی نەهێشتنی تاوان ڕێکارە یاساییەکان لەلایەن لێکۆڵەرەکانی پۆلیس ئەنجام دەدرێت کە بەپێی یاسا بۆی دیاری کردووە، بەڵام لە لایەن بەرێزان دادوەرانی لێکۆڵینەوە چارەنووسیان دیار دەکرێت لە هەمانکاتدا بەرپرسیاریەتی دەکەوێتە ئەستۆی ئەوانەوە سەبارەت بە تەواوکردنی پەراوی لێکۆڵینەوە لە ماوەی یاسایی دیاری کراو.

دانانی سەرۆکی ئەنجوومەنی لێکۆڵینەوە بەپێی (قانون اصول المحاکمات الجزائیة لقوی الامن الداخلی) ژمارە (17) ساڵی (2008) ماددەی (6) لە دەسەڵاتی وەزیری ناوخۆدایە، ئەنجوومەنی لێکۆڵینەوە لە سێ ئەفسەر پێکدێت و ئەوەی پلەی بەرزترە دەبێتە سەرۆك دووانەکەی دیکەش دەبنە ئەندام و ئەگەر هاتوو ئەفسەرەکە یاخود پۆلیسەکە کێشەکەی مەدەنی بوو لە دادگای لێکۆڵینەوە یەکلایی دەبێتەوە دوای تەواو بوونی سزاکەی لەدادگا و دواتر ئەنجوومەنی لێکۆڵینەوەی بۆ پێك دەهێنرێت و سەرۆکی ئەنجوومەن دەسەڵاتی دادوەری هەیە تاکو پەراوەکەی رەوانەی دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ دەکرێت.

**<u>بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی هەولێر (لایەنی پەیوەندیدار):</u>** ئەندامانی داواکاری گشتی لە بەرێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی هەولێر ئۆفیسیان نییە، بەڵام (لێکۆڵەری دادی ـ المحقق العدلی) کە سەر (بە وەزارەتی داد)ن ئۆفیسیان لە بارەگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی هەولێر هەیە و کارەکانیان تێدا ئەنجام دەدەن، بەڵام ئەگەر ئەندامانی داواکاری گشتی کاریان هەبێت ئوفیسی ئەوان بەکاردێنن.

ئەشکەنجەدانی بەندکراو بە فەرمانی رەسمی و بە هەموو شێوەیەک قەدەغە کراوە و بە هیچ شێوەیەک حاڵەتی ئەشکەنجەدان لە بەڕێوەبەرایەتییەکەمان تۆمار نەکراوە، ئەگەر حاڵەتێک لای هەر ناوەند و ڕێکخراوێک تومار کرابێت ئەوا داواکارین بە ووردی بۆمان بنێرن تاوەکو بەپێی یاساو ڕێنماییەکانمان ئیجرائاتی پێویست وەگرین.

## **<u>ئەشکەنجەدان و بوونی زیندانی نهێنی:</u>**

بەپێی یاسا ئەشکەنجەدانی تۆمەتبار و سزادراوان بەشێوەیەکی گشتی بۆ وەرگرتنی ئیعتراف و زانیاری بە تاوان دادەنرێت بە هیچ شێوەیەک رێگا نادرێت کە ئەفسەر و کارمەندانی پۆلیس راگیراوان ئەشکەنجە بدەن بەپێی ماددەی (333) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (111)ی ساڵی 1969ی هەموارکراو و هەر تۆمەتبارێک لەکاتی لێکۆڵینەوە ئەشکەنجە درابێت لەرووی  یاساییەوە مافی هەیە سکاڵا تۆمار بکات، بەڵام هۆکاری پێکنەهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە تۆمەتی ئەشکەنجەدان مێردمنداڵانی داعش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تا ئێستا هیچ سکاڵایەک دژی دەزگا ئەمنییەکان لەلایەن گیراوانەوە نەبووە، و لە چاکسازییەکان هیچ ئاسەوارێکی ئەشکەنجەدان لەسەر جەستەی دەستگیرکراوان بەدی نەکراوە.

**<u>وەزارەتی ناوخۆ(لایەنی پەیوەندیدار):</u>**سەبارەت بە ئەشکەنجەدان بە هیچ شێوەیەك بەپێی یاساو رێنماییەکان رێگە نادرێت ئەفسەر و کارمەندانی پۆلیس راگیراوان ئەشکەنجە بدەن لەکاتی لێکۆڵینەوە و وەرگرتنی دانپێدانان بەزۆر و بەپێی دەستووری عێراقی فیدراڵ کە هاتووە مافی دادگایی(حق التقاضی) کە بەماددەی (19/ سێیەم) هاتووە (التقاضی حق مضمون مكفول للجميع) هەر تۆمەتباریك بۆی هەیە سکاڵا تۆمار بکات لە  لایەنە پەیوەندارەکان لە وەزارەتی ناوخۆ داواکاری گشتی وەزارەتی داد و مافی مرۆڤ.

**<u>بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی هەولێر(لایەنی پەیوەندیدار):</u>**ئەشکەنجەدانی بەندکراو بە فەرمانی رەسمی و بە هەموو شێوەیەک قەدەغە کراوە و بە هیچ شێوەیەک حاڵەتی ئەشکەنجەدان لە بەڕێوەبەرایەتییەکەمان تۆمار نەکراوە، ئەگەر هەر حاڵەتێک تومار کرابێت ئەوا داواکارین بە ووردی بۆمان بنێرن تاوەکو بەپێی یاساو رێنماییەکانمان ئیجرائاتی پێویست وەگرین.

**<u>دەزگای داواکاری گشتی (لایەنی پەیوەندیدار):</u>** دەزگای داواکاری گشتی هەرێم دوو دادوەری داواکاری گشتی لە چاکسازییەکان و ڕاگیراوان هەیە بۆیە هەر بەندییەک یان ڕاگیراوێک ئەشکەنجە درابێت ئەندامی داواکاری گشتیمان لێ ئاگادار دەکاتەوە بۆیە ئەوانیش بەڕاپۆرت دەیخەنە بەردەم سەرۆکایەتی داواکاری گشتی ، لەمیانەی ساڵی ڕابردوو حاڵەتێکی وەها لامان تۆمار نەکراوە، زۆر جار لێرەو لەوێ لەلایەن بەندییەکانی ناوخۆیی ادعای ئەوە دەکەن بەتایبەت لەلایەن پۆلیس ئەشکەنجە درابن.

## <u>ئازادی رادەربڕین و میدیا و خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان:</u>

لە هەرێمی کوردستان یاسایەك هەیە بۆ  (رێکخستنی خۆپیشاندان) کە بە یاسای  ژمارە (11)ی ساڵی(2010) ناسراوە، کە شێواز و کات و ئامانجی خۆپیشاندان بە وردی دیاری دەکات و رێک دەخات بە هەمان شێوە میدیاکانیش مافی رووماڵ کردنی خۆپیشاندان و رێپیوانی خەڵکی هەیە، بەپێی ئەم یاسایە هەموو هاووڵاتیان و ئەوانەی بەشێوەیەکی یاسایی لە هەرێمدا نیشتەجێن و پارتی سیاسی و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و سەندیکا پیشەییەکان و یەکێتی و کۆمەڵە و رێکخستنی دیکە کە بەپێی یاسا مۆڵەتیان پێدراوە ئازادی رێکخستنی خۆپیشاندانیان هەیە دوای بەدەستهێنانی رەزامەندی و تێپەڕبوونی ماوەی یاسایی، هەروەها  هەڵگرتن یان لە خۆ بەستنی چەک لەلایەن خۆپیشاندەران بە هەموو شێوەیەک قەدەغەیە تەنانەت ئەگەر ئەو کەسەی بەشداری لە

خۆپیشاندانەکەدا دەکات مۆڵەتی هەڵگرتن یان بەستنیان هەبێت، لە هەمان کاتدا نابێ هیچ ماددەیەکی تەقەمەنی یان ژەهراوی یان سووتێنەر لە کاتی خۆپیشاندانەکە لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە هەڵبگیرێت یان لە خۆ ببەسترێت.

ئەوانەی داوای خۆپیشاندان دەکەن واتە لیژنەی ڕێکخەری خۆپیشاندان پێویستە ژمارەیان لە (3) کەس کەمتر نەبێت و لە (5) کەس زیاتر نەبێت و خاوەن شیانی یاسایی بن و بتوانن ئەرکی بەڕێوەبردنی و ڕێکخستنی خۆپیشاندان بگرنە ئەستۆ، و واژۆ لەسەر داواکە بکەن  و مەبەست و ڕێگای ڕۆیشتن و کات و شوێنی خۆپیشاندانەکە دەستنیشان بکرێت و دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیدار خۆپیشاندانەکە ئەنجام دەدرێت. ئەگەر بە هەر هۆیەک بێت داواکاری ئەنجامدانی خۆپیشاندان ڕەتکرایەوە لەلایەن وەزیر یان سەرۆکی یەکەی ئیداری ناوچەکە، ئەوا لیژنەی ڕێکخستنی خۆپیشاندان بۆی هەیە تانە لە بڕیاری ڕەتکردنەوە بدات لەلایەن دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەکە لە ماوەی (3) ڕۆژ لە مێژووی پێ ن و دادگاش پێویستە لە ماوەی (48) کاتژمێر تانەکە یەکلایی بکاتەوە.

لە کاتی ئەنجامدانی خۆپیشاندانی بێ مۆڵەت دەزگا ئەمنییەکان بەپێی یاسای کارپێکراوەکان ڕێکاری یاسایی دەگرنە بەر لەوانەش بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندان بەبێ زیان گەیاندن بە خۆپیشاندەران و ڕێکاری مەدەنی بۆ پاراستنی بەرژەوەندی گشتی هەموو لایەک، سەرۆکی یەکەی ئیداری بۆی هەیە پاش ڕاوێژکردن لەگەڵ لیژنەکە بڵاوە بە خۆپیشاندانەکە بکەن ئەگەر خۆپیشاندانەکە لە ئامانجی خۆی دەرچوو یان کاتی دیاریکراوی خۆی بەزاند و دەزگاکانی پۆلیس بەگوێرەی یاسا کارپێکراوەکان ڕێکاری یاسایی دەرهەق بە سەرپێچیکاران دەگرنە بەر.

بەپێی یاسای خۆپیشاندانی هەرێمی کوردستان ئەرکی هێزە ئەمنییەکانە کە ئارامی و سەقامگیری و گیانی هاووڵاتیان و خۆپیشاندەران بپارێزن لە کاتی بەڕێوەچوونی خۆپیشاندان و ڕێگا گرتن لە هەر پشێوی و گێرەشێوێنییەک کە ببێتە هەڕەشەی لەسەر گیان و سەروماڵی هاووڵاتیان و دامودەزگاکانی حکومەتی و موڵکی گشتی. ئەمە لە کاتێکدایە کە هێزەکانی ئاسایش وەک ئەندامانی (الضبط القضائی)  لە کاتی ڕوودانی پشێویدا مافی ڕاگرتنی  هاووڵاتیانی بەشدار بووی خۆپیشاندانیان هەیە تا ئەو کاتەی دۆسییەکەیان ڕەوانەی دادوەر دەکرێت.

حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیڕەوی لە بنەماکانی دیموکراسی دەکات لە بواری ڕاگەیاندن و هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ میدیاکاران و بۆ دەرکردنی گۆڤار و ڕۆژنامە لە هەرێمی کوردستان پێویست بە وەرگرتنی مۆڵەت ناکات و تەنها پێویستە لە سەندیکای ڕۆژنامە نووسان تۆمار بکرێت. ژمارەی ڕۆژنامەنووسان لە هەرێمی کوردستان (8000) ڕۆژنامەنووسە، ژمارەیەکی زۆر لەم ڕۆژنامەنووسانە پرۆفیشناڵ نین و شارەزایی تەواویان لە بواری ڕاگەیاندندا نییە، چونکە بەپێی یاسای ژمارە (40)ی ڕۆژنامەنووسانی ساڵی (2004) ئەگەر خاوەنی ئیمتیاز نەخوێندەواریش بێت بە ڕۆژنامەنووس هەژمار دەکرێت.

بە سوود وەرگرتن لە یاسای خۆپیشاندان و ئەو ئازادییەی بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان لەم یاسایەدا دیاریکراوە تەنیا لە ساڵانی ڕابردوو بە دەیان خۆپیشاندانی جیاجیا لە شاری هەولێر ئەنجام دراوە لەلایەن چین و

توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگا کە داوای مافی ڕەوای خۆیان کردووە و لە هیچ یەکێك لە خۆپیشاندانەکان توندو تیژی لێنەکەوتۆتەوە و دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەت ئەرکی پاراستنی خۆپیشاندانەکانیان ئەنجامداوە.

لە هەر حاڵەتێکدا ئەگەر دەزگاکانی پۆلیس سەرپێچییان کرد و هێزیان بەکارهێنا دژی خۆپیشاندەران، ئەوا ڕێکاری یاسایی دژیان دەگیرێتە بەر بەپێی یاسا کارپێکراوەکان، لە لایەکی دیکەوە حکومەت پابەندە بە قەرەبوو کردنەوەی زیان لێکەوتووان کە لە ئەنجامی کاردانەوەی دەزگاکانی پۆلیس لە سنووری ئەرکی ڕاسپێرداوی خۆیان ڕوویانداوە ئەمەش بەپێی بڕیارێك دەبێت کە لە دادگای تایبەتەوە دەرچووبێت.

بۆ پارێزگاریکردن لە بنەماکانی مرۆڤایەتی و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییمان پێویستە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا هەماهەنگ بن لە دروستکردنی بەرەیەک لە دژی تیرۆر و تیرۆریستان و پشت ببەستن بە بەرنامەیەکی ئەمنی تۆکمە لە لایەن هێزە ئەمنیەکانی هەرێمی کوردستان بۆ پارێزگاری کردن لە ئاسایشی نەتەوەیی و پاراستنی هاوڵاتیان لە تیرۆر و تیرۆریستان بۆیە پێویستە لەسەر ڕۆژنامەنووسان هاریکاری دەزگا ئەمنیەکان بکەن و پارێزگاری لە بڵاوکردنەوەی زانیاریە ئەمنیەکان بکەن، بەڵام بە هۆی نەبوونی شارەزایی لە لایەن ڕۆژنامەنووسانەوە و تەشهیرکردن و سوکایەتی کردن بە هاووڵاتیان ساڵانە ڕوبەڕووی زۆرترین سکاڵادەبنەوە.

**<u>ئەنجومەنی دادوەری (لایەنی پەیوەندیدار):</u>** هەر پێشێلکارییەك بەرامبەر ڕۆژنامەنووس یان میدیاکاران کرابێت و میدیاکار یان ڕۆژنامەنووس سکاڵای تۆمارکردبێت دژی کەسێک یان لایەنێکی دیاریکراو، ئەوە دادگا ئیجرائاتی پێویستی خۆی دەکات و بەپێی یاساکان مامەڵە لەگەڵ کەیسەکە دەکات و هیچ جیاوازییەکیش لە کەیسەکان ناکات، تەنها گرنگ ئەوەیە لایەنی زەرەرمەند سکاڵای تۆمار کردبێت، ئیتر دادگا ڕێکاری پێویستی خۆی دەگرێتە بەر.

**<u>یاسای ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان:</u>** لە هەرێمی کوردستان ئازادی ڕۆژنامەگەری و ڕادەربڕین بەپێی یاسا ڕێکخراوە و لە کاتی بوونی هەر حاڵەتێك کە دژ بە ڕێنماییەکانی ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان و پێشێلکردن بێت یان بچێتە خانەی تەشهیر و ناوزڕاندن ئەوا کار بە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (111)ی ساڵی 1969ی هەموارکراو دەکرێت، بۆیە پێویستە میدیاکارانیش نەبنە هۆی تێکدانی ڕەوشی ئارامی و زیانگەیاندن بە موڵکی گشتی و تایبەت، بەڵام سەرەڕای ئەوەش هەرکاتێک ڕۆژنامەنووس یان دەزگایەکی میدیایی یاسا پێشێل بکات ئەوا ڕاستەوخۆ لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە ئیجرائاتیان بەرامبەر ناگیرێتە بەر، چونکە بەپێی یاسای ڕۆژنامەنووسی ژمارە (35)ی ساڵی (2007) تایبەت بە کاری ڕۆژنامەوانی ناکرێت هیچ ڕۆژنامەنووسێک دەستگیر بکرێت بەبێ بڕیاری دادگا و ڕەزامەندی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.

**<u>خۆپیشاندانەکانی مانگی ئاداری 2018:</u>** لە کۆتایی مانگی ئاداردا لە چەند شارێکی کوردستان خۆپیشاندانی مامۆستایانی ئەنجامدرا بۆ داواکردنی مافەکانیان و نەمانی سیستەمی پاشەکەوتی مووچە. هێزە ئەمنییەکانیش بە ئەرکی خۆیان هەستان بۆ پاراستنی گیان و سەروماڵی هاووڵاتیان و ڕێگەگرتن لە ڕوودانی نەخوزراو و پشێوی و ئاژاوە لە کاتی ئەنجامدانی خۆپیشاندانەکان.

سەبارەت بەو خۆپیشاندانانە هیچ دەزگایەکی راگەیاندن سکاڵای دژی لایەنە ئەمنییەکان بەرز نەکردۆتەوە کە تێیدا بە ئەنجامدانی توندوتیژی تۆمەتباریان بکات و هەر کاتێک دەزگایەکی راگەیاندن سکاڵایەکی هەبێت دژی لایەنە ئەمنییەکان ئەوا دەزگا پەیوەندیدارەکان رێوشوێنی یاسایی پێویست دەگرنە بەر دژی ئەو کەسانە کە پێشێلکاریان ئەنجامداوە، ئەوەی تێبینی کرا لەم خۆپیشاندانانەی چەند دەزگایەکی راگەیاندن ویستیان خۆپیشاندانەکان بە ئاقارێکی تردا ببەن دوور لە مەبەستی سەرەکی خۆپیشاندان و هاندانی خۆپیشاندەران بۆ ئەنجامدانی کاری توندوتیژی.

پێویستە دەزگا میدیاکانیش لەلایەن خۆیانەوە بە پێچەوانەی یاسا کار پێکراوەکانی هەرێمی کوردستان رەفتار نەکەن و رووماڵ کردنەکەیان بۆ رووداوەکان بۆ گەیاندنی راستییەکان بێت و داواکاری رەوای هاووڵاتیان بێت بە حکومەتی هەرێمی کوردستان نەك کاریگەریی نەرێنیی هەبێت و ببێتە هۆی نانەوەی ئاژاوە.

**<u>خۆپیشاندانەکانی سنووری هەولێر:</u>** لەو خۆپیشاندانانەی کە بە ناوی داواکانی مامۆستایان ئەنجامدرا چەند لەلایەنێکی سیاسی هەوڵیانداوە سوود لە داوا رەواکانی خەڵک بەتایبەتی چینی مامۆستایان وەربگرن و خۆپیشاندانی مامۆستایان بە لاڕێدا ببەن بۆ مەبەستی سیاسی خۆیان، هەرچەندە کەسانێکی گێرەشێوێن خۆیان خزاندبووە نێو خۆپیشاندەران بۆ ئیستفزاز کردنی لایەنە ئەمنییەکان بە جنێودان و قسەی ناشیرین، تەنانەت ژمارەیەک پەرلەمانتاری سەر بە چەند لایەنی سیاسی لە نێو خۆپیشاندەران ئامادەبوون و بە و شەی نەشیاو و هوتاف کێشان و بەرزکردنەوەی دروشمی هاندان بۆ ئەنجامدانی توندوتیژی خۆیان وەک نوێنەری مامۆستایان ناساند یەکێک لەو خۆپیشاندەرانە کە ئەندامی پەرلەمانی عێراقە دەمانچەی لێ گیراوە، بۆیە لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە گازی فرمێسک رێژ بەکارهێنراو بۆ بڵاوکردنی خۆپیشاندەرانی ئاژاوەگێر بەکار هاتووە کە ئەمەش لە چوارچێوەی رێوشوێنە یاساییەکانە و رێگای پێدراوە کە گازی فرمێسک رژێن لەکاتی درووست بوونی ئاژاوە بەکار بهێنرێت.

جگە لە پۆلیس خودی خۆپیشاندەران رازی نەبوون بەم رەفتارانە و ئاگاداریان کردبوونەوە کە پێویستە لە پەرلەمان بەرگری لە خەڵک بکەن بەتایبەتی بە دەرکردنی یاساکان، نەک لێرە هەوڵ بدەن نارەزایی خەڵک بۆ مەرامی سیاسی بقۆزنەوە. سەرەڕای ئەمەش دەزگا ئەمنییەکان بە شێوەیەکی ئاسایی مامەڵەیان لەگەڵ کردوون بۆ ئەوەی خۆپیشاندانەکە لە مەبەستی سەرەکی خۆی دوورنەکەوێتەوە.

ژمارەیەک لە خۆپێشاندەران لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە دەستگیرکراون و دراونەتە دادگا بە تۆمەتی ئەوەی کە کاری تێکدەرانەیان ئەنجامداوە و خوودی خۆپیشاندانەکەش مۆڵەتی یاسایی نەبووە، تەنانەت بەشێک لە خۆپیشاندەران هێرشیان کردۆتە سەر کارمەندێکی پۆلیس و بە چەقو برینداری کردووە و ئێستا ئەم کارمەندە سکاڵای یاسایی لەسەر ئەو کەسە تۆمار کردووە، چونکە ئەو کەسەی کە هانیداوە بۆ لێدانی ئەو کارمەندەی پۆلیس سەر بە لایەنێکی سیاسی بووە و ئەوەی لێشیداوە سەر بە لایەنێکی سیاسی دیکە بووە و ئەوانیش ناسراون، هەروەها بە بەڵگە خۆپیشاندەران جۆرەها ( مبرز جرمی)یان لە لابووە وەکو (چەقۆ/دامل بۆکس/دار لاستیک) و

چەندین کارمەندی پۆلیسی چالاکیە مەدەنییەکان زامداربوونە، بۆیە بەپێی ماددەی (10) ی خۆپیشاندان دۆسیەیان لە دادگا کراوەتەوە و لێکۆڵینەوە لەگەڵ کراوە دواتر ئازاد کران و بەڵێنیان لێ وەرگیرا کە لە کاتی خۆپیشاندان ئاژاوە دروست نەکەن و بەڵێننامەیان لێ وەرنەگیراوە کە بەشداری خۆپیشاندان نەکەن، لەلایەکی دیکەوە هیچ سکاڵایەک لەسەر هێزە ئەمنییەکان تۆمار نەکراوە لەلایەن هیچ کەسێکەوە. و هێزە ئەمنییەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم ئامادەن بۆ لێکۆڵینەوە لە هەر پێشێلکارییەک کە بەرامبەر بە خۆپیشاندەران ئەنجامدرابێت.

هەندێک کەس بێ ئەوەی لۆگۆی هیچ کەناڵێکی تەلەفزیۆنی دیاریکراویان پێبێت لەناو خۆپیشاندەران وێنەیان گرتووە لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر کراون دوای لێکۆڵینەوە زانراوە ڕۆژنامەنووسن هەر ئەوکات ئازاد کراون و کەلوپەلەکانیان پێدراوەتەوە وەک پەیامنێری کەناڵی پەیامی کە بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک لەلایەن پۆلیسەوە ڕاگیراوە، چونکە هانی خۆپیشاندەرانی دەدا بۆ توندوتیژی و شێواندنی ڕەوشی خۆپیشاندانەکە بەڵام دواتر ئازاد کرا ,و ئەوانەی وێنەیان گرتووە هیچیان لۆگۆی کەناڵەکانیان دیار نەبووە لە کاتێکدا بەپێی یاسا دەبێت خۆیان ئاشکرا بکەن کە ڕۆژنامەنووسن بۆیە نەتوانرا جیا بکرێنەوە ئایا ئەوانە ڕۆژنامەنووسن یان خۆپیشاندەرن, بە شێوەیەکی گشتی  ئەو کەسانەی لەکاتی ئەنجامدانی توندوتیژی ڕووبەڕووی دەزگا ئەمنییەکان بوونەتەوە و بوونەتە هۆی تێکدانی موڵکی گشتی دەستگیر کرابوون بە پێی یاسا هەر ئەو کات دوای تەواوبوونی خۆپیشاندانەکان ئازادکران.

**<u>دامودەزگا ئەمنییەکان و بە دامەزراوە کردنیان:</u>**

لە راپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئاماژە بەوە کراوە کە هەندێک جار ئاسایش ڕەتیدەکاتەوە بەندکراوێکی لابێت کە پێی دەگوترێت لەبەر ئەوەی ڕێگا نەدەن ڕێکخراوەکان چاویان پێی بکەوێت هەر بۆ نموونە دوو کەس لەسەر ماددەی هۆشبەر دەستگیرکراون و بەڵگەی تەواویان لەسەر دەستگیرکرانی ئەم دوو کەسە هەبووە بەڵام هێزەکانی ئاسایش نکۆلیان لەوە کردووە کە ئەم دوو کەسە لای ئەوان بەندکرابن.دەزگای داواکاری گشتی لەمبارەوە رایگەیاند ئەم تۆمەتە دوورە لە راستییەوە و ئێمە نوێنەری دەزگای داواکاری گشتیمان لە دادگای لێکۆڵینەوەی ئاسایش و دەزگا ئەمنیەکان هەیە تا ئێستا هیچ حالەتێکی وەها تۆمار نەکراوە.

**<u>دەزگای داواکاری گشتی (لایەنی پەیوەندیدار):</u>** سەبارەت بەوەی دەگوترێت هێزەکانی ئاسایش و پێشمەرگە ئەشکەنجەی خەڵک دەکەن، مامەڵەی نامرۆڤانەیان لەگەڵ ئەنجام دەدەن و سوکایەتیان پێدەکەن و سزایان دەدەن. ئەم هێزانە ئەشکەنجەی خەڵک دەدەن بەتایبەتی عەرەبی سوننەلە کاتی دەستگیر کردنیان بە هیچ شێوەیەک ڕاست نییە و بەڵکو بە باشترین شێوە مامەڵەی مرۆڤانەیان لەگەڵ دەکرێت، هیچ کەس و لایەنێک تاوەکو ئێستا گلەو ڕەخنەی ئەمەی نەبووە چ لای ئیمە وەک دەزگای داواکاری گشتی چ وەک دادگاکان.

**<u>یاسای ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم:</u>** ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بەپێی یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2011 دامەزراوە، ئەم یاسایە لە 2011/5/2 لە دانیشتنی ژمارە (١١)ی پەرلەمانی کوردستان گفتوگۆی لەسەر

کراوە و دواتر پەسند کراوە و ئێستاش کار بەو یاسایە دەکرێت، کە پلان بۆ سیاسەتێکی یەکگرتووی ئاسایش دادەڕێژێت و ڕێکیدەخات و هەماهەنگی لە نێوان تێکڕای دەزگا پەیوەندیدارەکان دروست دەکات، مەبەستیش لەو یاسایە دانان و داڕشتنی بنەماکانی ئاسایشی هەرێم و ڕونکردنەوەی پێکهاتە تایبەتەکانی ئەنجومەنە، کە پێکدێت لە: دەزگای ئاسایشی هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەواڵگری سەربازی و ئاژانسی پاراستن و زانیاری. بۆیە ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بە هیچ شێوەیەک حزبی نییە.

پێکهێنانی ئەم ئەنجومەنە کاریگەری هەبووە لەسەر دانانی پلان و بەرنامەی تۆکمە و باش بۆ ڕوو بە ڕوو بوونەوەی هەر مەترسیەك کە ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکات، زەرورەتی هەبوونی ئەم دەزگایە لە ئێستادا بۆ هەرێمی کوردستان زەرورە، بۆیە پێویستمان بەوە هەیە ئەنجومەنێکی ئاسایش لە ژێر ئاڵای هەرێمی کوردستان هەبێت، چونکە کاریگەری ئیجابی دەبێت لەسەر زیاتر چەسپاندن و بەرقەرارکردن و مسۆگەرکردنی ئارامی و ئاسایش لە هەرێمی کوردستان، بە جۆرێك لەگەڵ بنەماکانی دیموکراتی دەگونجێت بەرگری لە مافی مرۆڤ دەکات.

هێزە ئاسایش پارێزەکانی هەرێمی کوردستان بە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی 2004 و 2011 دا کاروبارەکانیان بە پێی یاسا ڕێکخراوە، لەبەر ئەوە ئەم دەزگایانە بە شێوەیەکی شەرعی بەشێکن لە پێکهاتە فەرمیەکانی هەرێمی کوردستان، کاریان بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان و هاووڵاتیانی هەرێمەکەیە لە هەڕەشەکان. بۆیە هەم بە یاسا سەلمێنراوە کە دەزگایەکی حکومی و فەرمین، و هەم بە کردەوەش ئەم دەزگایە سەلماندویەتی کە هێزە ئاسایش پارێزەکان لە خزمەتی هاووڵاتیانی کوردستاندان. هەرچەندە ئەو دۆخە نەخوازراوەی کە لە ساڵانی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردودا بەسەر هەرێمی کوردستاندا، ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر زۆرێك لە دامەزراوەکان، لەوانەش دامەزراوە ئەمنی و هەواڵگریەکان، بەڵام ئێمە لەچوارچێوەی یاسایی و دامەزراوەییدا هەنگاوی گرنگیان هەڵگرتووە بۆ یەکگرتنەوە و یەکخستنیان.

**<u>ئامانجەکانی دامەزراندنی ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێم بریتین لە:</u>**

- مسۆگەرکردنی ئاسایش و ئارامی لە هەرێم.
- پاراستنی بنەما و پرنسیپەکانی دەستووریی و یاسایی هەرێم.
- کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیار و هەڵسەنگاندنی هەر هەرەشەیەك بۆ سەر ئاسایشی هەرێم.
- ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری لە نێوان دەزگاکانی تایبەتمەند لە هەرێم و حکومەتی فیدڕاڵ.
- ئاڵوگۆڕکردنی تۆمەتبار و تاوانباران و ڕادەست کردنی کێشەکانیان لە نێوان دەزگاکانی ئاسایشی فیدڕاڵ وهاوشیوەکانیان لە هەرێم، بە گوێرەی میکانزمێك کە بە پەیڕەو دیاریدەکرێت.
- پاراستنی ئاسایشی ئابووری هەرێم بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار.
- پاراستنی ئاسایشی هەرێم لە بوارەکانی تاوانە مەترسیدارەکان و تاوانە بەرنامە بۆ داڕێژراوەکان و تاوانی ماددەی هۆشبەر و تەزویرکردنی دراو و گەندەڵی کارگێری و دارایی و شۆردنەوەی سامان، بە گوێرەی ئەو یاسایانەی لە هەرێم کاریان پێ دەکرێت.

- پاراستنی سیستەمی زانیاری لە هەرێم.
- بەرەنگار بوونەوەی تیرۆر بە گوێرەی ئەو یاسایانەی لە هەرێم کاریان پێدەکرێت.
- بەرەنگاربوونەوەی کاری سیخوڕی بە گوێرەی ئەو یاسایانەی لە هەرێم کاریان پێدەکرێت.
- پاراستنی ئاسایشی پەیوەندی کردن.
- پاراستنی ئاسایشی فڕۆکەخانە و دەروازە سنورییەکان لە هەرێم.
- هەماهەنگی کردن لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار بۆ پاراستنی ئاسایشی کەسیەتی فەرمی لەکاتی پێویست.
- هەماهەنگی کردن لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار بۆ بە دوا داچوونی کاروباری پەنابەران و ئاوارە نیشتەجێبوەکانی هەرێم.
- پاراستنی ئاسایشی خۆراك و تەندروستی لە هەرێم بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار.
- پاراستنی ئاسایشی وزە و دەزگا ژیارییەکان.
- هەماهەنگی کردن لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار بۆ پاراستنی ئاسایشی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و نێردەی دیپلۆماتی و کونسوڵخانەکان لە هەرێم.
- مسۆگەرکردنی ئاسایشی بارەگا و پێکهاتەکانی پێشمەرگە و کۆکردنەوەی زانیاریی هەواڵگری و مەیدانی و ستراتیژی و هەڵسەنگاندنیان.

لە دوای جەنگی داعش ئاژانسی پاراستنی هەرێمی کوردستان رۆڵێکی دیار و بەرچاوی هەبووە لەو شەڕەدا و بەردەوام لە هەماهەنگیدایە لەگەڵ ولاتانی هاوپەیمان لە شەڕی دژی داعش، ئەم هەوڵانەی ئاژانسی پاراستنی هەرێم رۆڵێکی سەرەکیی هەبوو لە سەرکەوتنەکان پێشمەرگە و ئازادکردنی چەندین ناوچەی کوردستانی لە دەست داعش و پاراستنی سەر و ماڵی هاووڵاتیانی ئەو ناوچانەی کە لە دەست داعش دا بوون.
لە لایەکی دیکەوە هێزەکانی ئاژانسی پاراستنی هەرێم و دژە تیرۆر لە شەڕی دژی داعش رۆڵێکی سەرەکییان هەیە و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و ئەمریکا هەماهەنگییەکی تەواویان لەگەڵیاندا هەیە و چەندین پرۆسەی هاوبەشیان ئەنجامداوە لە راوەدوونانی داعش و رزگارکردنی هاووڵاتیانی بێتاوان و ئێزیدییە رفێندراوەکان و پرۆسەی ئازادکردنەوەی ناوچەکانی ژێردەستی داعش، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە هێزێکی رێکخراوە و مبیلیشیا نییە، چونکە ئەگەر رێکخراو نەبن هاوپەیمانان هەماهەنگییان لەگەڵ ناکەن.

## <u>ئەو رێوشوێنانەی لە بازگەکان دەگیرێنە بەر:</u>

تێکدانی ئەمن و ئاسایشی هەرێمی کوردستان و ئەنجامدانی کردەوە تیرۆریستییەکان یەکێکە لە ئامانجە سەرەکییەکانی تیرۆریستانی داعش و لەو پێناوەدا هەموو هەوڵێک دەدەن، لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم بۆ رێگەگرتن لە کردەوەی تیرۆریستی و سەقامگیری و ئاسایشی هەرێم چەند رێوشوێنێکی تایبەت لە بازگەکان دەگرنە بەر کە مەبەستی سەرەکی لێیان پاراستنی ژیانی هاووڵاتیان و ئاسایشی کوردستانە، لەم بارەیەوە لایەنە پەیوەندیدارەکان بەو شێوەیە باسیان لەو رێوشوێنانە کردووە.

**وەزارەتی پێشمەرگە(لایەنی پەیوەندیدار):** ئەو ڕێوشوێنانەی کە لە بازگەکاندا پەیڕەو دەکرێن کارێکی ئاساییە و پەیوەندی بە ئاسایشی و سەقامگیریی هەرێمەوە هەیە و نەك تەنیا لە هەرێمی کوردستان بەڵکو لە هەموو جیهان ڕێوشوێنی تایبەت پیادە دەکرێت بۆ وردبینی و دڵنیا بوون لە ناسنامەی ئاوارە و پەنابەران لەگەڵ ئەو زانیاریانەی هەیە دەربارەی لیستی ناوی تیرۆریستان لای دام و دەزگا ئەمنییەکان، ئەم ڕێوشوێنانەش تەنیا بۆ پاراستنی سەلامەتی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانە بە ئاوارەکانیشەوە و تەنیا ئاوارە و پەنابەران ناگرێتەوە، بەڵکو هەر کەسێك بە بازگەکان تێپەڕ بێت داوای ناسنامەی لێدەکرێت، چونکە کۆنترۆڵکردنی ئەم ژمارە زۆرەی ئاوارە ئاسان نییە و پێویستە ڕێوشوێنی تایبەتە، بەڵام سەرەڕای ئەمەش وەزارەتی پیشمەرگە ئاسانکاری زۆری کردووە بۆ مەبەستی گەیاندنی خزمەتگوزارییە مرۆییەکان.

سەبارەت بە ئازادی هاتوچۆی ئاوارە و پەنابەران، ئەوان ئازادان لە هاتوچۆ کردن، بەڵام بۆ پاراستنی سەقامگیری و ئاسایشی کەمپەکان ئەو ڕێوشوێنانە دەگیرێتە بەر، چونکە دەزگا ئەمنییەکانی حکومەتی هەرێم دڵنیا نین لە ناسنامەیان و تا ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە تیرۆریستانی داعش لە نێو ئەو خانەوادە ئاوارانەی کە ڕوویان کردۆتە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی پێشمەرگە دزەیان کردووە و دواتر لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە دەستگیرکراون، جگە لە بازگەکان چەند جارێک لە کاتی پشکنینی ئەو کەسانە لە ساترەکان و خاڵەکانی پشکنین چەکی جۆراوجۆریان پێ بووە و ویستوویانە بیهێننە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی پێشمەرگە بۆیە ئەو ڕێوشوێنانە ئاسایین تەنانەت پێشتر چەند ڕێکخراوێک ئاماژەیان بەوە کردبوو کە ڕێوشوێنەکانی هاتوچۆکردن بۆ ناو کەمپەکان پێویستە توندتر بکرێت بۆ پاراستنی ئاسایش و ژیانی ئاوارە و پەنابەرانی نیشتەجێی کەمپەکان.

دەزگاکانی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە دووپات دەکەنەوە کە هەر کەسێك لە ئاوارەکان سکاڵا بەرز بکاتەوە دژی پێشمەرگە و کارمەندانی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە و بەڵگەی سەلمێنەری هەبێت کە لەو ڕووە مافی پێشێل کراوە لە ڕێگای فەرمانگەی یاسایی وەزارەتەوە لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەنجامدەرانی ئەم ڕەفتارانە دەکەن و هاریکاری ئەو کەسانە دەکەن کە داوای مافی خۆیانە بکەن.

**بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی (لایەنی پەیوەندیدار):** ئەو ڕێوشوێنانەی کە لە بازگەکان پیادە دەکرێن بەبێ جیاوازی ئەنجام دەدرێن واتە هەر کەسێك پێیدا تێپەڕ بێت و مەبەستیان لێی پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری هەرێمی کوردستانەوە هەیە و ئەمە لە هەموو شوێنێك پیادە دەکرێ بەتایبەتی لەو شوێنانەی کە لە حاڵەتی شەڕدان و زۆر جار کەسانی سەر بە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان هەوڵ دەدەن دزە بکەن بۆ نێو هەرێمی کوردستان، و تا ئێستا چەندین کەس دەستگیرکراون بە تۆمەتی پەیوەندییان بە داعشەوە و دوای لێکۆڵینەوە لەگەڵیان ژمارەیەکیان ئازاد کراون، ئەوانی دەستگیریش کراون گشت مافێکیان هەیە وەك هەر گیراوێکی دیکە بۆ نموونە بۆیان هەیە پارێزەر بگرن و کەس و کاریشیان دەیانبینن.

## باروودۆخی ڕاگیراوانی داعش لە گرتووخانەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان:

لە سەرەتادا ڕێوشوێن و پرۆسەی دەستگیر کردن لەو زانیاریانەوە دەست پێدەکات کە لە ڕێگای هەواڵدەری نهێنییەوە بە دەست هێزە ئەمنییەکانەوە دەگات سەبارەت بە چۆنیەتی دەستکەوتنی زانیاری دەربارەی تیرۆریست و گومانلێکراوان ناوبرا دەزگا ئەمنییەکان پشت بە زانیاری هەواڵدەری نهێنی (مخبر سری) دەبەستن دوای ئەوەی لە زانیارییەکان دڵنیا دەبنەوە و هیچ کەسێک بە پشت بەستن بە زانیاری نادرووست دەستگیر ناکرێ بۆ ئەم مەبەستەش چەند مەرجێک بۆ هەواڵدەری نهێنی دانراوە لەوانەش پێویستە فۆرمی خۆراک و ڕەگەزنامە و ناسنامەی باری شارستانی کەرکوک بێت، هەروەها پێویستە بە قورئان سوێند بخوات لەسەر ڕاستی زانیارییەکان. هەواڵدەری نهێنی کارێکی زۆر زەحمەت و مەترسیدارە، چونکە پێویستی بە بوونی بەڵگەنامەی درووست و سوێند خواردن و ئامادەبوون هەیە.

دوای ئەوەی لایەنە ئەمنییەکان زانیاری تەواو لەسەر گومانلێکراوان دەدەن بە دادوەر، دادوەر ڕەزامەندی دەدات بە دەستگیرکردنی گومانلێکراوان، فەرمانی دەستگیر کردنیان بۆ دەردەچێت بەم پێیەش ڕێگا بە هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس دەدرێت بە گرتن و پشکنین و بەدواداچوونی گومانلێکراوان و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەگەڵیان، لەم قۆناغەدا بۆ ماوەی (24) کاتژمێر لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەمێننەوە بە مەبەستی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی.

دوای دەستگیرکردنی گومانلێکراوان پەراوی تایبەتیان بۆ دەکرێتەوە و دەنێردرێن بۆ دادگاکانی لێکۆڵینەوە کە بەشێوەیەکی گشتی بۆ ماوەی (72) کاتژمێر کە لەژێر لێکۆڵینەوەدا دەبن، بەڵام هەموو مافێکی یاساییان پارێزراو دەبێت وەک دابینکردنی پارێزەری تایبەت بە بەرگری، ئەگەر لەو ماوەیەدا سەلمێنرا کە لە کاری تیرۆریستی تێوەنەگلاوە و بێتاوانە ئەوا بە بڕیاری دادوەر لێکۆڵینەوە ئازاد دەکرێت، بەڵام بە پێچەوانەوە ڕێوشوێنی یاسایی بەرامبەر دەگیرێتە بەر وەک ئەوەی ناردنی پەراوی لێکۆڵینەوەکان بۆ دادگای تاوان.

ئینجا لەوێدا گونجاندنی یاسایی (التكييف القانونى) بۆ ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا پەیڕەوکراوەکانی تاوان و دیاریکردنی کاتی دادگایی کردن. بە شێوەیەکی گشتی، هیچ کەسێك بەبێ فەرمانی داداگا دەستگیر ناکرێت و دوای دەستگیر کردنیشی مافی هەیە پارێزەر بگرێت بۆ بەرگری کردن لێی و تا ئەو کاتەی تۆمەتەکەی لەسەر ئیسپات دەبێت بە تاوانبار دانانرێت. وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەزگای جێبەجێکردنی بڕیار وفەرمانەکانی داگاکانە و هەر کەسێك فەرمانی دەستگیر کردنی لە دادگا بۆ دەرنەچووبێت دەستگیر ناکرێت.

بەپێی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (111)ی ساڵی 1969 ی هەموار کراو پاش دەرچوونی فەرمانی دەستگیر کردن لەلایەن دادگاوە، تۆمەتبار دەستگیر دەکرێت و هەموو ڕێکارە یاساییەکانی بەرامبەر دەگیرێتە بەر بەپێی یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی (اصول المحاكمات الجزائيه) ژمارە (23)ی ساڵی 1971ی هەموار کراو، بەم پێیەش وەزارەتی ناوخۆ دەسەڵاتی گرتن و ئازاد کردنی کەسی نییە ئەگەر دادگا فەرمانی دەستگیر کردنی نەدات

دوای ئەوەی ڕاگیراو حوکمی لە دادگاوە بۆ دەرەدچێت ڕەوانەی دامودەزگا تایبەتەکانی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دەکرێ بۆ سەپاندنی سزاکەی بەپێی ڕێوشوێنە کارپێکراوەکان.

پرۆسەی دادگایی کردنی ئەو کەسانەی بە تۆمەتی تێوەگلان لە کاری تیرۆریستییەوە دەستگیرکراون لە دادگاکانی لێکۆڵینەوە و تاوان لە هەرێمی کوردستان بەڕێوە دەچێت و دواتر بەپێی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (3)ی ساڵی 2006، هەروەها بەپێی یاسای ژمارە (21)ی ساڵی 2003ی پەرلەمانی کوردستان و یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (111)ی ساڵی 1969ی هەموار کراو تاوانبار دەکرێن و ئەوەی تاوانباربێت سزادەدرێت و ئەوانی دیکەیان ئازاد دەکرێن".

**درێژکردنەوەی کارکردن بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر:** لە کۆبوونەوەی ڕۆژی 2018/7/1 ی پەرلەمانی کوردستاندا «پڕۆژەیاسای درێژکردنەوەی کارکردن بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا»، لە کۆبوونەوەکەدا بە زۆرینەی دەنگ، یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بە یەکجاری درێژکرایەوە. «پێشتر بەپێی یاساکە پێویست بوو هەر دوو ساڵ جارێك یاساکە هەموار بکرێتەوە، بەڵام لە کۆبوونەوەی ڕۆژی 2018/7/1 پەرلەماندا دەنگی لەسەردرا کە یاساکە بە یەکجاریی جێگیر ببێت».

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا لە شارەکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆك و کەرکوک 2652 کەس بە تۆمەتی بوونی پەیوەندی بە چەکدارانی داعش دەستگیرکراون، 1110 کەسیان تۆمەتەکەیان بەسەردا ساغ بووەوە و سزای سێ ساڵ زیندانی تا زیندانی تاهەتاییان بەسەردا سەپێندراوە، بەهۆی بێتاوانیان 870 کەسیان ئازادکران و 672 کەسیشیان تا ئێستا لەژێر لێکۆڵینەوەدان".

بەپێی یاسا کارپێکراوەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان بە تایبەتی لە تاوانی تیرۆر، تایبەتمەندی شوێنی ڕووداو (الاختصاص المكاني) پێڕەو ناکرێت لەبەر ئەوەی تیرۆر جیاوازی ناکات لە سنووری نێوان پارێزگا بۆ پارێزگایەکی دیکە یاخود شوێن بۆ شوێنێکی دیکە. هەروەها ئەرکی سەرەکی دەزگاکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر گشتگیرە لە مامەڵەکردن لەگەڵ تاوانی تیرۆر و هەموو گومانلێکراوانی تیرۆر بەیەک جۆر مامەڵەیان لەگەڵدەکرێت بەبێ جیاوازی".

## پێکهێنانی لیژنەی باڵای هەماهەنگی بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی دژایەتی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان:

دوای پەسەندکردنی ڕەشنوسی ستراتیژیەتی دژایەتی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان لە 2017/5/2 کە لە لایەن دەستەی دەستپاکی بە بەشداری نوێنەری دام و دەزگاکان و پاڵپشتی دەزگای وێستمینستری بەریتانی بۆ دیموکراسی (WFD) ئامادە کرابوو ,پێشنیاری دروستکردنی لیژنەیەکی باڵا لە لایەن سەرۆکی دەستەی دەستپاکی و سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران بەرزکرایەوە بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و لە 2017/12/17 لیژنە باڵاکە

دروست کرا .دەستەی نەزاهە چەندین ڕێکاری گرتۆتە بەر بۆ نەهێشتنی سەرپێچییەکان، هەروەها چەندین بڕیار لەلایەن دادگا تایبەتەکانەوە دەرکراون بۆ ئەم مەبەستە بۆ نموونە:

**ئاماری بڕیارەکانی دادوەری دەستگیرکردن و ئامادەکردن فەرمانگەی لێکۆڵینەوەکان بۆ ساڵی 2018**

| بڕیاری دادوەری | کۆی گشتی | بڕیاری جێ بەجێ کراو | بڕیاری جێ بەجێ نەکراو |
|---|---|---|---|
| **بڕیاری ئامادەبوون** | 140 | 82 | 58 |
| **بڕیاری دەستگیرکردن** | 54 | 29 | 28 |
| **کۆی گشتی بڕیارە دادوەریەکان** | 194 | 111 | 86 |

**<u>سەرۆکایەتی هەرێم (لایەنی پەیوەندیدار):</u>** لە ڕێکەوتی 2016/2/10 سەرۆکی هەرێمی کوردستان چەند <u>خاڵێکی</u> گرنگی بۆ ئەنجامدانی چاکسازی بڵاوکردەوە، لە مانگی ئاداری ساڵی 2016 بە سەرپەرشتیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان زنجیرەیەك کۆبوونەوە لەگەڵ دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان ئەنجامدران و نەخشەڕێگای کارکردن خرایەڕوو، لە دەستپێکی پرۆسەکە، سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان نزیکەی (100) دۆسیەی بۆ لێکۆڵینەوە داوەتە دەستەی دەستپاکی و دۆسییەکان و بە پێی تایبەتمەندی دابەش کران بەسەر لایەنە پەیوەندیدارە دادوەرییەکان.بە فەرمانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، (3) سێ لیژنەی تایبەت بە (زێدەڕۆیی لەسەر موڵکی گشتی) و (دەرمان و پێداویستی پزیشکی)، و (وەزارەتی پێشمەرگە و سلکی سەربازی) پێکهێنران، ئەندامانی لیژنە لەسەر بنەمای شارەزایی و دەستپاکی لە سەرجەم شارەکانی کوردستان دیاری کران بەبێ ڕەچاوکردنی لایەنی سیاسی و حزبی.

**کۆی کەیسەکانی گەندەڵی لە دادگا تایبەتمەندەکانی (کەتن- تاوان) لە ساڵی 2018 لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان**

| پارێزگا | دادگای تاوان | دادگای کەتن | لە دادگایە | حسم | گەڕاوەتەوە | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 49 | 27 | 53 | 15 | 8 | 76 |
| سلێمانی | 35 | 19 | 44 | 2 | 8 | 54 |
| دهۆک | 18 | 22 | 20 | 16 | 4 | 40 |
| سەرجەمیان | 102 | 68 | 117 | 33 | 20 | 170 |